# راپەڕینی کورد
# بە رابەریی سمکۆ

نووسینی : م.م. **فان برووینەسن**

وەرگێڕ : **شێرکۆ هەژار**

٢٠٠٩/٢٦٢١

ئەسڵ :

M. M. van Bruinessen.
The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan. London 1983.
Chapter 13 “ Kurdish Tribes and State of Iran : The Case of Somko’s Revolt.

(( م. م. فان بروونەسن .

کێشەی عەشیرەت و دەوڵەت لە ئێران و ئەفغانستان . (چاپی) لەندەن ١٩٨٣ .

فەسڵی ١٣ " عەشیرەتی کوردو دەوڵەتی ئێران " : حاڵەتی راپەڕینی سمکۆ )) .

( ناوی نووسەر بە نووسینی بە ئەم تیپانە بە " فان برۆنسن" و " فان برۆنێسن"یش هاتووە) .

---

ئەسڵ بە زمانێکی ناخۆش نووسراوە، وەرگێڕیش لێرەدا هەر لە سنوورێکدا ( تا هیچ لە وردیی وەرگێڕان و گیانی ئەسڵ نەترازێ ) هەوڵیداوە بە زمانێکی رەوانی هەڵخاتەوە .

---




( دەقی ئەسڵ : ) نـەخشـەیەکی درشتی کـوردستان و باکووری ڕۆژئاوای ئێران

بۆ پیشاندانی ئەو شوێنانەی ناویان لە فەسڵی ١٣و١٤دا هاتووە .

بەهانەکەیان سەربەخۆییەو بانگی شەڕیان " عەشیرەت "ـە، کە لە کوردیدا بەرامبەر بە " بۆلشەفیکی"یە*

( شاهیدێکی راستەوخۆی ئەمریکایی لە باسی کوردەکانی سمکۆدا )

## ســەرەتا

" عەشیرەت " ی کورد، چەند وابووە، دەوری گرنگیان لە هەردوو سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا هەبووە . کـورد، هەرچەندە لەچاو تێکڕای ژمارەی ( بەمەزندە ١٤ملیۆن)، کەمی ( سێ و نیو ملیۆنی) لە ناو سنووری ئێراندا دەژی، یەکێکە لە قەومە سەرەکیەکانی ئێران** . دەوڵەتی ئێران، لە سەدەکانی رابردوودا، سەروکاری هەر لەگەڵ بەشێکی کەمی عەشیرەتە گرنگەکانی کورددا راستەوخۆ و بە ئاشکرا بووە . نێوانی نهێنیی لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکانی ئەودیوی سنووری سیاسیدا، بەهەرحاڵ، هەمیشە بەشێك بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران . نموونەی هەرەدوایی و رەنگە هەرە ناسراوی ئەمە، ئەو یارمەتیە زۆرەی دوا ساڵانی ١٩٦٠و ساڵانی پێشینی ١٩٧٠ی ئێران بێ بۆ یاخیە کوردەکانی عیراق کە لە ١٩٧٥دا بەوجۆرە لەپرۆسەیرە کۆتایی هات . بەهەرحاڵ، ئێران لە تەئسیربوونی بەسەرعەشیرەتی کوردو کرداری سیاسەت لەکوردستاندا نـە تاقە دەوڵەت و

---

*Augusta Gudhart, ‘ The blood of martyrs’, *Atlantic monthly*,130 (1922),P.116.

" عەشیرەت " زاراوەی هەرە بەکارهاتووە بەرامبەر بە وشەی " tribe" ( ترایب ی ئینگلیسی) .

** لە سەرژماریی ١٩٥٦ی ئێراندا، ٥,٦٪ لە وەڵامدا گوتوویانە کە زمانیکوردی زمانی زگماکیانە، ئیتر لەوساوە هەرئەو ژمارەیەیە کە ئاماژەی پێدەکرێتەوە . ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە شێوازەکانیان بە " لوڕی و بەختیاری" ( شێوازەکانی لەکی ) دانراون، بەهەرحاڵ ( ؟!!! - وەرگێڕ) خۆیان بە کـورد دادەنێن و گیانی کـوردایـەتیان هەیە، کە بۆیێ من رەگەڵ کوردیان دەژمێرم .

( ئـەمەش دەردی نـەبوونی دەوڵـەت، تـەنانەت دوای ئەوەش کە نەك هەر دەڵێ " خۆیان بەکورد دادەنێن" بگرە دەشڵێ" گیانی کوردایەتیان هـەیە"، جـا ئەوجا" بەهەرحاڵ"و" بۆیێ".. ی دەوێ، بۆ خەڵکێکی کە لە سەرتاسەری مێژووی کۆن وناوەندی کورددا بەشێکی بوون و لە هەرهەڵێکی مێژووی نوێشدا ( لەگەڵ پـاشا کۆرەی رواندز، شـێخ مەحموود، سـمکۆ، بـارزانی .. دا ) کـوردایەتیی خۆیان پیشان داوە - وەرگێڕ ) .

نە دەوڵەتی هەرە گرنگیش بووە . زۆربەی کوردستان لە ساڵانی پێشینی سەدەی شازدەیەمەوە ببووە بەشێك لە ئیمپراتۆریی عوسمانی، لەکاتێکدا کە تەئسیری هێزە گەورەکانیش لە سەدەونیوی رابردوودا بە رادەیەك بووە چەندی بڵێی زۆرت نەگوتووە . نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی‌کوردستان، خودی تەبیعەتی‌عەشیرەتی‌کورد ،بە تەئسیری نێوان لەگەڵ هەموو ئەم دەوڵەتانەدا گۆڕانی زۆری تێ‌کەوتووە . تەئسیری عەشیرەتی کورد بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا لەوە (ی ئەوان بەسەر ئەمدا) کەمتر بووە : کورد هەمیشە زۆرکەم بەتەنگ بەرژەوەندی خۆیانەوە بوون . مەترسیی گەورەی کوردان بۆ سەر ئەودەوڵەتانەی تێدا ژیاون ئەوەبووە لێیان جیاببنەوەو/ یان هاوکاریی هێزی رەقیبیان بکەن . (ناوی" بۆلشەفیکی" ی کە لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا براوە، هەرچەندە قسەیەکی هیچە، سەرنجی بۆ مەترسیی هەمیشە لەئارادا تێدایە ) . بەتایبەتی لە رووی پێوەندی بە نەتەوایەتیی کوردو ئارەزووی سەربەخۆییەوە بوو کە عەشیرەتی کورد تەئسیریان‌کردە سەر ئەو دەوڵەتانە، ئەویش بە پتر لە یەك شێوە . مەیلی مەرکەزیەت و ئیستیبدادی تورکیای‌کەمالی و ئێرانی پەهلەوی لەبەرامبەر جیابوونەوەخوازیی کورددا بەهێز-بوون .

ئەم فەسڵە لە دوو بەش پێكدێ : لەپێشدا چەند تێ‌بینیەکی‌گشتی کراوە دەربارەی گۆڕانی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لە ١٨٠٠ـەوە لەژێر تەئسیری ئەو دەوڵەتانەدا کە ئاماژەیان پێ‌کرا . دوای ئەوە، ئەو تێ‌بینیانە بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرینتری حاڵەتێك روون کراونەوە کە عەشیرەتی کورد لەوەدا شیریان لە دەوڵەتی ئێران هەڵکێشاوە .

## عەشیرەتی کورد لە نێوان دەوڵەتانی بەهێزدا

کوردستان، بەهەزاران ساڵ، نەکهەر ناوچەی سنوور بگرە لەمپەری نێوان دوو یا پتر لە دوو ئیمپراتۆری بووە. هەرچۆنێ بووە، قەت نەبووە کە وەك ئەفغانستان لە رووی سیاسیەوە بەجیابووبێ، بەڵکو نزیکەی پێنج سەدە لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێراندا دابەشکراوە. بەڵام دیسا، تەبیعەتی وڵاتەکە وایە کە ئەم دوو ئیمپراتۆریەش، وەك داگیرکەرانی بەرلەوان، هەر دەسەڵاتێکی زۆر کزیان بە سەر کوردستاندا بۆ سەپاوە، حوکمی راستەوخۆیان بەدەگمەن بۆ راگیراوە، ئەوەبووە زۆرتر، وەك کە ئێستاش لە هەندێ شوێن هەیە، هەر جۆرە حوکمێکی ناڕاستەوخۆ لە رێی ئاغاوەتی ناوخۆوە بەجێ هێنراوە. ئەم نێوانەی کە بە چەندین سەدە لەگەڵ دەوڵەتانی گەشەکردوودا هەبووە، نەدەکرا مەگەرهەر تەئسیری قووڵی بەسەر نەریتیکۆمەڵایەتیی کوردستاندا هەبێ.

کاتێك عوسمانی زۆربەی کوردستانیان کردە بەشێك لە قەڵەمڕەویان ( دەوری ١٥١٥ )، ئەوسا چەندین " ئەمارەت "ی تێدا هەبوون، کە لە گەورەیی و رادەی پەرەسەندنی نەریتیاندا وەك یەك نەبوون، هەندێکیان زۆر کۆن بوون، رژیمی سیاسییان کەم تا زۆر لەوەی دەوڵەتانی یەکێتی عەشیرەتە تورکمەنەکانی Turkman قەرەقۆیونلوی دەکرد، کە ئەم ئەمارەتانە چ بە تەبعەیەت و چ بە هاوپەیمانی نێوانیان لەگەڵدا هەبوون. داگیر-کردنی عوسمانی نەبووە هۆی تێکدانی ئەمارەتەکان، بگرە بووە هۆی پاراستنیان و پتەوکردنی مەرکەزی فەرمانڕەوا( میر ) لە هەر ئەمارەتەدا. لە دەوری ١٨٠٠یشدا هەندێك لەو ئەمارەتانە هەرهەبوون، کە وێدەچێ نەریتی ناوخۆیان ئیتر زۆر بەر تەئسیری ئەوەی عوسمانی کەوتبێ*. دوو ئەمارەتیکوردستانی ئێرانی کە هەندێ زانیاری دەربارەیان بەدەستەوەیە، ئەردەڵان و گۆران Ardalan and Guran، وێدەچێ هەرتك زۆر لەوانەی بەر دەسەڵاتی عوسمانی جیابووبن: بەڤوونە، دەستەی فەرمانڕەوایان بەزۆری ناعەشیرەت بوون. پیاو دەکەوێتە سەرکەڵکەڵەی ئەوە بڵێ کەواتە ئەم جیاوازیە جیاوازیی نەریت و سیاسەتی دەوڵەتانیعوسمانی وئێران دەنوێنێ.

---

* دوو ئەمارەتی کوردی سەربە عوسمانی، بتلیس ( دەوری ١٦٥٠ی زاینی) و بابان ( لە ١٨٢٠یەوە) بە دوورو-درێژی لە Agha, Shaikh and State. On the Social and Political Organization of Kurdistan (دکتۆر-نامە، ئوترێخت،١٩٧٨)ی من، ل ١٩٤-٢١٥ دا باس کراون.

هـەرچەندە، دیسـاهـەر، هۆکاری تریش لە ئارادا بوون کە رەنگە ئەوانیش ئەوەندەگرنگ بووبن : هەلومەرجی تەبیعەت، رادەی قەوغایی خەڵك، نیسبەتی کۆچەرو نیشتەجێ و... ئیدی .

بوونی پتر لە یەك دەوڵەتی بەهێز لەو پەنایە، ئەویش تەئسیری تایبەتی بەسەر رێبازی سیاسیەت لە کوردستاندا هەبووە، بەغوونە : ئاغاکان بەوە دەستیان پتر کراوەتەوە، توانیویانە هـەرەشەی ئەوە بکەن کە روو بە لای تردا وەرگێڕن(یا هەر راست وایان کردووە) . بێ لەوەش،ئاغایەکی کە ویستبێتی جێی ئاغایەکی تر بگرێتەوە منەتی بە خەڵکەکە نەبووە،ئەویان سەر بە چ دەوڵەتێك بووە ئەم چووە داوای هێزی لە دەوڵەتی رەقیبی‌کردووە، بەوجۆرە ماڵە فەرمانڕەوا لە چەندین ئەمارەتدا دوو لکیان لێبووەتەوە : لکی " سەر بە تورك" و لکی " سەر بە ئێران" * . سـەدەی نـۆزدە، بە هۆی روون و ئاشکرا، دروست بوونی باڵی " سـەر بە ئینگلیس" و " سـەر بە رووس"یشی خستووەتە کۆڕی فەرمانڕەوایانی کـوردەوە . لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا، رووسیا و بریتانیا ئیتر ببوونـە هێزی هەرەگرنگی ئەو ناوە . کرداری رابەرانی کورد زۆر لەژێر تەئسیری ئەو بیرەیاندا بووە کە ئەو دەوڵەتانە لە عوسمانی و لە ئێران بەهێزتربوون و هەرتکیان ویستوویانە کوردستان بخەنە بەردەستی خۆیانەوە . وێڕای ئەوە، سەرفرازیی سیاسی و عەسکەریی ئەو هێزانە و تەبیعی سـەربەخۆیی یۆنان و سلاڤیەکان بەهۆی پشتگیریی ئەوانەوە، گوڕێکی باشی داوە بە پەیدابوونی نـەتەوایەتیی کـورد . زۆربەی نەتەوەییە کوردەکانی سەردەمی ۱۸۸۰-۱۹۳۰ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لەبەر سێبەری ئینگلیس و/ یا رووساندا لەبەرچاوبووە . هەتائێستاش، تەبیعەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌کورد بەتوندی لەژێر تەئسیری بوونی جێگرەوەی ئەوهێزە رەقیبانە، واتا ئەمریکا و سۆڤیەت و دیدی گشتیی پێداویستی وەدەست هێنانی پشتگیریی ئەوانەدایە** .

---

* بۆ ئەمارەتی بابان ئەمە بەجوانی لە یادداشتی ریچ دا روون کراوەتەوە، زۆر شوێنی :
C.J. Rich, Narrative of a Residence in Koordistan ...(Duncan,London,1836), vol.1.
ماوەیەك دوای سەردانی ساڵی ۱۸۲۰ی ریچ، میری فەرمانڕەوا مەحموودپاشا ،کە تابیعێکی نارازیی بەغدا بوو، ئەوەبوو لە راستیدا رووی پێبەندیی وەرگێڕا و چووە ژێر سێبەری عەباس میرزا ی وەلی عەهدی ئێران، بەمە شەڕێکی نێوان دوو ئیمپراتۆریی وە نزیك خست .

** مەلامستەفای بـارزانی Mullah Mustafa Barzani، کە لە ناو رابەرانی کوردی هاوچەرخیدا لەهەموان پتر نوێنەری موحیتی عەشیرەتی بوو ،هەر لە ۱۹٤٦ـەوە پێوەندیی بە هەرتك هێزەوە هەبوو . یازدە ساڵ ←

## ئەمارەت، یەکێتی عەشیرەتان، عەشیرەت

بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بوو، کە کۆنترۆڵی مەرکەزیی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران تا دەهات بەکارتردەبوو،نەریتیکۆمەڵایەتی و سیاسییکوردستان گۆڕانی تێکەوت . نەتیجەی دەستکاری و پەرەپێدانی دەزگای ئیدارەی دەوڵەتانی دەوروبەرئەوەبوو کە نەریتی سیاسیی تایبەتیکورد خۆی لە شکڵی زۆرپەرەسەندوو ( ئەمارەتەکان ) ـەوە هاتە سەر شکڵی سادەتر .

ئەمارەتەکان لە رووی نەریتەوە زۆرتر وەك هەمان ئەوەی زۆر لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، کە دەوڵەتانی یەکێتیعەشیرەتە تورکمەنەکان نموونەی هەرە لەبەرچاوی ئەو بابەتە بوون . فەرمانڕەوا لە بەرەیەکی ئاغاوەت بووە،کە زۆرتر وابووە ئەسڵیخۆی بردووەتەوە سەر وەجاخێکی پایەبەرزی جیا لەعەشیرەتە بەهێزەکانی ئەمارەت . بۆ جێگرتنەوەی فەرمانڕەوا ،جگە لەهەندێ لایەنیکەمی پێداویستەکان: ئەسڵ( لە بەرەی فەرمانڕەوا بوون )، زیرەکی، ئازایی و ... ئیدی، ئیتر رێوشوێنێکی تر نەبووە . هەڵبژاردنی فەرمانڕەوای نوێ، لە راستیدا ، رەقابەتی سەختی ناوخۆی بەرەی فەرمانڕەوا و دەسیسەی زۆری هێزانی خاوەن بەرژەوەندی ناوخۆ و دەرەوەی تێ-کەوتووە. فەرمانڕەوا بە دەستەیەکیدەربار دەور دراوە کە لە رابەرانیلەشکر(ئاغاوەتیعەشیرەتی) وکارمەندانی مەدەنی و زانایان پێکهاتووە . لەشکرێکیهەمیشەیی یا دەستوپێوەندی تایبەتی چەکدار هەبووە کە پیاوانیان لە عەشیرەتە جیاوازەکانی ئەمارەت و لە دەرەوەش هێنراون . ئەم دەستوپێوەندە چەکدارە تایبەتیە،هەر چاك پێ-بەندی فەرمانڕەوا بووە، بەڵام ئەوە هەر بەشێکی زۆر کەمی لە تێکڕای هێزی ئەمارەتەکە پێکهێناوە . بەشی هەرە زۆری لەشکر لە پیاوانی عەشیرەتی پێکهاتووە، بە رابەریی ئاغاکانی خۆیان کە توانیویانە لە کاتی پێویستدا بەسیجیان بدەن . پیاوانیعەشیرەت، زۆرتر کۆچەر یا نیوەکۆچەر، لە راستیدا " تایفە"یەکی عەسکەرییان پێکهێناوە،کە بەسەر چینی خوارەوەی جووتیارو پیشەوەراندا، واتا بە سەر کوردی ناعەشیرەت و

---

← ( ١٩٤٧- ١٩٥٨) ی غەریبیی لە سۆڤیەت بەسەربرد، و لە شەڕە کوردەکەی عیراقدا وێڕای ئەو هەمووە ئاڵوگۆڕانانەی وەزعیش هەر پێوەندیی مابۆوەو، پشتگیریی سۆڤیەتی وەردەگرت تا ١٩٧٢ کاتێ بەڵێنی قەتعیی یارمەتییگرنگی لە ئەمریکا وەرگرت . پێش ئەو تاریخە، زۆرجار هەوڵی دابوو پشتگیریی ئەمریکایی وە دەست بهێنی، تەنانەت مەیلی بوونە ئەیالەتی ٥١ی ئەمریکای راگەیاندبوو .

مەسیحیو جوودا زاڵ بوون . عەشیرەتەکان وەنەبێ هەموو وەك یەك لە نزیکەوە بە ئەمارەتەوە بەسترابووبنەوە . جەرگەی هەمیشەیی ئەوانە،چەند یەکێتیەکی عەشیرەتانیان سازداوە،کە کڵێشەکەی وابووە" دوو"یەکێتی بن، هەر یەکێکیش لەو دووانە هەمیسان لە ژێر فەرمانی بەرەیەکی فەرمانڕەوادا بووە کە لە هیچ عەشیرەتێك لە عەشیرەتەکانی یەکێتیەکەی نەبووە . لە هیچ حاڵەتێك لەوانەدا کە من بە وردی لێم کۆڵینەوە، ئەوەم بۆ ساغ - نەبۆوە کە ئەو یەکێتیانە بەرلە ئەمارەتەکە هەبووبن*. ئەفسانە هەندێکیان وا پیشان دەدەن کە هەبوون، بەڵام من پێم وایە هیچ نەبێ لە چەندین حاڵەتدا خودی ئەمارەتەکە "هۆی هەبوون raison d'être"ی یەکێتیەکان بووە. ئەوە کە ئەو عەشیرەتانە لە یەکێتیانێکی عەشیرەتان بوون کە کەم تا زۆر بارتەقای یەکتر بوون ( عونسوری تەوازونی بەرامبەر یەکتربوون)، توانای " لێکیان بکەو حوکمیان بکە" یان بۆ میر پێکهێناوە . ئاغاکانی ئەم یەکێتیانە ئامۆژگارو مشاوری میر بوون و، لە زۆر حاڵەتدا بڕیاردەری راستەقینەی سیاسەت بوون . هەر عەشیرەتەش لە یەکێتیدا ئاغای خۆی هەبووە، بەڵام وێدەچێ ئەمانە لەبابەتی" primus inter pares یەکەمی یەکسانان/ یەکەمی هاوشانانی خۆیان " بووبن و بەدەگمەن دەورێکی گرنگی سیاسیان دیتبێ .

لەو ئەمارەتانەدا کە پتر لە یەك مەرکەزی شاریان تێدابووە، میر شاری هەرەگرنگی کردووەتە جێی خۆی و پایتەختی و، حاکمیشی زۆرتر هەر لە خزم و کەسی نزیکی خۆی لە سەر شارەکانی ترو ناوچەکانی دەوروبەر داناوە . ئەم حاکمانە کاروباری عەسکەری و دارایی و مەسەلەی هەرەگرنگی داوەرییان هەڵسووڕاندووە، کارو- باری تر بۆ ئاغاوەتی عەشیرەتان لێگەڕاون . من تا ئێستا ، لە مەسەلەی بەشکردنی داهات لەنێوان ئاغاوەتی عەشیرەت و حاکمان و میرو حکومەتی مەرکەزیدا، هەر چەند زانیاریەکی کەمم دەستکەوتووە . بەوە کە بارتە- قایی دەسەڵات لەنێوان ئەم کاربەدەستانەدا زوو- زوو گۆڕاوە، ئێجگار وێدەچێ شێوەی ئەو بەشکردنەش زۆر لەگۆڕاندا بووبێ .

وەنەبێ عەشیرەتەکان هەموو سەر بە ئەم ئەمارەت یا ئەوئەمارەت بووبن . دەستەی وا لەوانەیە هەمیشە هەبووبن ( و حەتمەن لە ١٨٠٠دا هەبوون) کە توانیبێتیان بە راگرتنی بارتەقایی ئەمارەتان سەربەخۆییەکی ناسکیخۆیان

---

* بەنموونە،یەکێتیعەشیرەتانی بڵباس لە ئەمارەتی بتلیس،بەگوێرەی شەرەفنامە، پێش دامەزراندنی ئەمارەتەکە لە"هەکاری"یەوە هاتوون . امیر شرف خان بدلیسی، شرفنامە : تاریخ مفصّل کردستان، چاپ م. عباسی( Ilmi علمی، تهران، ( ١٩٥٧) ١٣٤٣/ ١٩٦٥) .

رابگرن : عەشیرەتی کۆچەری کە ڕێی کۆچیان کەوتووەتە پتر لە یەك ئەمارەتەوە، عەشیرەتی نیوەکۆچەر ( ی گەرمیان و کوێستان دەکەن) ی کە لە لێواری ئەمارەتدا ژیاون . ئەم عەشیرەتانە، وەك بڵێین، هی سەرسنووری ئەمارەتان بوون . باری سیاسەت لەوێ، کۆیییەکی لە ئاستی نزمترو کەمتر پەرەسەندووی هەمان ئەوەی سنووری ئیمپراتۆریەکان، واتا ئەوەی لەناو و لەنێوان ئەمارەتاندا بووە .

جیاوازیەکی لێرەدا لەنێوان " یەکێتی عەشیرەتان " و" عەشیرەت " مان دانا، زۆرتر لە رووی " رادە" ەوە بوو تاوەکو لە رووی " جۆر" ەوە . بە کوردی ئەو جیاوازیە وا دانانرێ، دەکرێ بە هەرتکیان بڵێن " عەشیرەت " یا " تایفە" و لەوانەیە هەمان ئەو ناوانەش بۆ کەرتیعەشیرەتان بەکاربێنن . عەشیرەتی کورد کۆمەڵەی سیاسین، لە - بەلای کەم - یەك ( بەڵام زۆرتر وایە پتر لە یەك) بەرەی کە پشتاوپشت لەو عەشیرەتەن و خەڵکێکی تری کە هاتوونەتە ژێر ئالایەوە پێکدێن . عەشیرەتەکانی کوردستان، دەکرێ لە رادەی پەرەسەندووییاندا زۆر جیاواز بن، هەرواشە، و واش بووە : دەبینی عەشیرەت لە یەك یا دوو بەرە پێکهاتوون، عەشیرەتی تر لە یەکگرتنی ژمارەیەکی بەرەیان ( کە ناویان هەیە) پێکهاتوون، عەشیرەتی وا هەن لە یەکگرتنی چەندیەکگرتوویی وای بەرەیان پێکهاتوون و... ئیدی . گەورەیی و رادەی پەرەسەندوویی، شان بە شان دەڕۆن، و بە رادەیەکی زۆر دەکەوێتە سەر بڕیاری پیاو خۆی ناوی" یەکێتی عەشیرەتان " بۆ کێ و" عەشیرەت "ی بۆ کێی تر پێ بەجێتر بێ . من کە ناوی"یەکێتی عەشیرەتان"بەکاردێنم، بۆ ئەوەی بەکاردێنم کە : کۆمەڵەیەکیگەورەیە، لە عەشیرەت کەمتر تێکهەڵشێلراوە، سنووری کەمتر روون دیارکراوە، کۆمەڵە عەشیرەتانێکە کە جاران سەربەخۆ هەبوون و هەویەتی خۆیان هەر بەجیا پاراستووە، زۆرتر ناوی عەشیرەتەکەیان وە ناوی یەك- یەکی خەڵکیانەوە دەخرێ تاوەکو ئەوەی یەکێتیەکەیان . کاتێك مەیلێك لەئارادابێ لەخۆوە یەکێك بە باوەگەورەی خۆیان ناوبەرن، ئەمە مانای ئەوەیە پتر تێکهەڵشێلراون و من لێرەدا زۆرترناوی"عەشیرەت" بەکاردێنم تاوەکو"یەکێتی عەشیرەتان".

لە یەکێتی عەشیرەتان و لە عەشیرەتاندا، بە چەندین پلە ئاغا هەن، ئاغای : یەکێتی عەشیرەتان،عەشیرەت، بەرە، بنەماڵە، ماڵ . دەکرێ پلەیەك یا دووان لە نێوان " عەشیرەت " و" بەرە لە ئەوپەڕی گەورەبوونیدا" هەبێ . من لە باسی ئەودا دەڵێم : " نیوچە عەشیرەت " . لە یەکێتی عەشیرەتان و عەشیرەتی گەورەدا، ئاغا زۆرتر لە بەرەی تایبەتیئاغایان بوون کە خزمایەتیی نزیکیان لەگەڵ رەمەکیاندا نەبوو،و دەستەیەکی چەکداری تایبەتیان بۆ سەپاندنی حوکمی خۆیان هەبووە، لەکاتێکدا کە لەعەشیرەتی بچووکدا زۆرتر وابووە ئاغا خزمی رەمەکیان بووە ( و ئێستاش وایە) و زۆرتر بەدڵی خەڵکەکە حوکمی کردووە تاوەکو بەزۆر . چەند جار لە مێژوودا وابووە

ئاغاوەتی پلەی جیاواز دەوری سیاسیی هەرەگرنگیان لە سەردەمێکدا دیوە . لەم سەردەمانەی دواییدا ،بەفوونە، چەندین یەکێتی عەشیرەتانی کۆن - ئەگەر هەر بە ناویش بێ - هەر هەبوون . گەورەئاغا(ی یەکێتی عەشیرەتان) ڕێزو حورمەتەکەی هەر هەیە بەڵام چیدی وەزیفەی سیاسیی نییە . دەسەڵاتی ڕاستەقینەی سیاسی لەدەستی ئاغاکانی عەشیرەت یا زۆرتر وایە لە دەستی ئاغاکانی نیوچەعەشیرەتدایە کە دوو سەدە بەر لەوە زۆر کەمتر گرنگ بوون . پێوەندیی ئەم گۆڕانە بە گۆڕانی ئابووریەوە، وەك کە ڕێك ئێستا دەچینە سەر باسکردنی، لەوەی بە گۆڕانی موحیتی سیاسیەوە واتا لەوەی بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە کەمتر بووە .

## عەشیرەتی کوردو دەوڵەتی عوسمانی

حکومەتانی عوسمانی و ئێران، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، لە حەملەی " چاك کردن " ی ئیدارەیاندا، ئەو ئەمارەتە کوردانەی مابوونەوەیان نەهێشتن . ئەم چاك کردنە، رێك وەك کە کوردەکان هەر زۆر چاکی تێگەیشتبوون، بەرهەمی تەوژمی ئەوروپاییان بوو . تێکدانی دوا ئەمارەتیگەورە : " بۆتان" و گرتنی بەدرخان بەگی فەرمانڕەوای ( ١٨٤٧)، نەتیجەی راستەوخۆی گازندەی ئینگلیس بوو لای سوڵتانیعوسمانی . بەدرخان بەگ بەرپرسیاری کوشتاری هەندێك لە رەعیەتە نەستۆریەکانی بوو و ئینگلیس داوایان کرد سزا بدرێ * .

هەڵوەشانی ئەمارەتەکان بێ نەزمی و بێ قانوونیی نایەوە . کێشەوهەرای عەشیرەتی، کە ئیتر میر نەمابوون دەستیان بەسەردابگرن، ئەوەندەی دی لقوپۆپی نوێیان لێبۆوە . نەك هەر ئەمارەتەکان بەوناوە (" ئەمارەت- بوون" ) هەڵوەشان، بگرە یەکێتیەکانی عەشیرەتانیش بە هەمان دەرد چوون . ئاغای چاولەدەسەڵات، کەوتنە سەر ئەوەی هەرچەندی بۆیان بلوێ لە دەسەڵاتی جارانی میران بۆ خۆ دابڕن و، ئەوەبوو پەلامارو دوژمنایەتی و شەڕو شۆڕێکی زۆریان نایەوە، زۆر رابەری "سەرۆك"بابەت دەبوو مل بۆ جەردان بدەن **. چیی راپۆرتی ئەو سەردەمەن باسی ئەوەیان کردووە کە پیاو لە گیانی خۆی ئەمین نەبووە . دەوڵەت جارێ لەوە بێهێزتر بووە نەزم و قانوون بخاتەوە وڵات . حاکمانی ئەیالەتانیش ئەوپەڕەکەی لەدەستیان هاتبێ ئەوەبووە حەملەی سزادان بنێرن یا پشتی ئاغایەك لەدژی ئاغایەکی تر بگرن و جاروبارە پشتگیریەکی عەسکەریشی فریاخەن . ئەمانە ئەوە نەبوون قسەیان لای خەڵکەکە بڕوا تا بتوانن لەو کێشەو هەرا زۆرانەی عەشیرەتیدا شتێك بڵێن یا چارەیەکیان پێ بسەپێندرێ .

لەم وەزعە هۆبیسیەدا ( کەڵەوەکێشیی هەرکەسە بۆخۆی، شەڕی هەموان لەگەڵ هەمواندا )، یەك سەرچاوەی دەسەڵاتی لەمێژینە مایەوە کە بتوانێ جۆرە نەزمێك بخاتەوە وڵات : کە ئەویش " شێخ " بوو . شێخ

---

* بۆ باسی ئەم رووداوانە و وەزعی بۆتان دوای رووخانی ئەمارەتەکە،بڕ- van Bruinessen, Agha...P222-228.

چالاکیی نێرراوانیکلیسایی(بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت) لە کوردستانی مەرکەزیدا لێرەدا زۆر چاك باسکراوە :

J.Joseph, The Nestorians and their Muslim Neighbours (Princeton University Press,1961)

** بڕوانە فەسلی ١ی ئەمەی سەروو .

پیاوی پیرۆزن و زۆرتر سەر بە تەریقەتێکی سۆفیایەتی یا دەروێشین، زۆربەیان بە لەخوداترسان و خاوەنی ژیری وکەرامەت (موعجیزە) ناوبانگیان دەرکردووەو بەوە ڕێزیان لێدەنرێ. زۆرکەس نێوانی تایبەتیان لەگەڵ فلانە شێخێکی‌خۆیانداهەیە کە بە ڕێکوپێکی یاهەرهەندێ جار سەری دەدەن (/ یا جاران وابوو) تا ڕێزی خۆیان لە خزمەتتدا بنوێنن، بـەڵام ئەو سەردانە زۆرتر بۆ وەرگرتنی نوشتەیەکە بیانپارێزێ، یا بۆ چارەیەکی نەزۆکی ( مندالٌ نەبوون) یاخود بۆ کەوتنەنێوان و ناوبژی‌کردنە لە کێشەوهەرایاندا .

شێخ، بەگشتی وایە کە بە یەك عەشیرەتەوە گرێ نەدراون (هەرچەندە لەوانەیە تێکڕای‌عەشیرەتێك خۆ بە مریدی هەمان یەك شێخ دابنێن)، لەبەرئەوە شێخ لە هیچ کێشەوهەرای نێوان عەشیرەتاندا لەسەر لایەنێك ناژمێردرێن . بەمەو بەو ڕێزەی کە هێندێکیان لە ناو خەڵکێکی زۆردا هەیانبووە، بوونەتە تاقە کەسانێکی کە ئیتر بتوانن ئەو کێشەوهەرایانە چارەبکەن، بکەونە نێوانەوە، ببنە ئامۆژگارو ناوبژیکەر ،نووسەرو ڕێکخەری پەیمان و سەنەدان و دەستەبەر(کەفیل،زامن) ی ئەو پەیمانانە . ئەوجا کە شێخ توانیویانە کێشەوهەرای عەشیرەتی چارەسەربکەن، بەوە مەرکەزو ناوو دەسەڵاتی سیاسیان زیادی کردووە . تا کەم- کەمە وای لێ هاتووە شێخان بەشێکی دەوری میرانی جارانیان گرتووەتە دەست . دوای چەند دەساڵێکی بێنـەزمی و بێئـاسایشی، لە دەوری ١٨٦٠ـەوە شێخەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا بەدەسەڵاتترین ڕابەرانی سیاسی دەبینینەوە . ئەمە هەروا بە ڕێکەوت نیە کە زۆربەی ڕاپەرینە نەتەوەییەکانی کورد ( هەتا - تۆبلێ- ١٩٥٠) لەلایەن شێخانەوە ڕابەری‌کراون : شێخان لە ڕاستیدا تـاقـە ڕابەرانێك بوون کە توانیویانە ژمارەیەك لە عەشیرەتان هاوئاهەنگ بکەن . هۆیەکی تری زیادبوونی دەسەڵاتی سیـاسیی ئەم شێخانەی کە لە سەرەتادا ڕابەرانی ئاینی بوون، بریتی بووە لە چالاکیی ئەوروپاییەکانی بڵاوکەرەوەی مەسیحیەت، کە هەستی دژی مەسیحییـان و پێداگرتن لەسەرمەسەلەی هەویەتی مسوڵمانێتیی کوردی لێ پەیدابووە. شێخ ئەوەنەبوون کێشەوهەرایان هەر چارەسەربکەن: بگرە ڕێك لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسیان لەم توانایەوە هاتووە، ئەگەر ویستبێتیان دەسەڵاتیان زیادبکەن پێویستیان بەوە هەبووە کە کێشەوهەرایان بشنێنەوە . ئەوەبوو هێندێك شێخی پڕنیاز بۆ ئەوە تەنانەت کێشەوهەراشیان ناونەوە* .

---

* چیرۆکی " سوتۆ و تاتۆ" یەکجار زۆر خۆشە و باسێکی ڕاستی ئەوەیە چۆن شێخێکی زیرەك کێشەوهەرای نێوان دوو ئاغای ڕەقیب فێڵبازانە بەکاردێنێ و بەوە دەست بەسەر بەشێك لە دەسەڵات و داراییشیاندا دەگرێ .

← B.Nikitine and E.B.Soane, ' The tale of Suto and Tato. Kurdish text with translation and

کەم- کەمە، و وەنەبێ بە پێچەوانە هەڵنەگەڕابێتەوە، دەوڵەتی عوسمانی و میراتگرانی سەدەی بیستەمی، لە دەسەڵاتی ئاغاوەتی گەورەی عەشیرەتی و شێخانیان داوەو کوردستانیان پتر خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی مەرکەز- ییەوە . ئەم کارە زۆرتر هەر بە هەڵوەشاندنی‌عەشیرەتگەری دانراوە، بەڵام ئەمە بەهەرحاڵ، شتێکە کە دەبێ پیاو لەسەری راوەستێ، رەنگە بکرێ پیاو لە هەندێ رووەوە بە " کردنەوە بە عەشیرەت" ی دابنێ . چونکە کارەکە هەر ئەوەندە سادە نەبووە کە بڵێی حوکمی ناڕاستەوخۆ( لە رێی ئاغای کوردەوە) کرابێ بە حوکمی راستەوخۆ ( لە رێی کارمەندانی زۆرتر غەیرەکوردی دەوڵەتەوە)، زۆرتر وابووە دەسەڵاتێکی کە دەوڵەت لە رێی حوکمی ناڕاستەوخۆوە هەیبووە هاتووەتە سەر ئەوە کە لە رێی نزمترین ئاستی ئەریتەوە ( عەشیرەت) بێت، کەواتە دەسەڵاتەکە کەمی کردووە . بەر لە دوو سەدە، حاکمانی ئەیالەتان لە رێی میرە کوردەکانەوە کاروباریان لەگەڵ کورددا هەڵسووڕاندووە و زۆرکەم دەستیان دەکاروباری ناوخۆی ئەوئەمارەتانە وەرداوە . کە ئیدارە دواترگۆڕاوە، هاتووەتە سەر ئەوە کە حاکمانی پلەی‌نزمتر لە رێی ئاغاوەتی عەشیرەتی گەورە یا یەکێتی عەشیرەتانەوە یا شێخانەوە کاروباریان لەگەڵ کورددا هەڵسووڕێنن . پەرەپێدانی ئیدارەی دەوڵەت باری بەوەگەیاندووە کە لە دەسەڵاتی زۆر ئاغای گەورەی عەشیرەتی دراوەو عەشیرەتی گەورەش بووە بە چەندبەش، ئێستا وای لێ هاتووە کە ئاغای پلەی پایین مەرکەزودەسەڵاتێکی‌خۆیان لە رێی‌کارمەندانێکی پلەی پایینەوە خۆش‌بکەن،کارمەندانی پایینی کە کاروبار لەگەڵ کورددا لە رێی ئەوانەوە ( ئاغایانی پایینەوە) هەڵدەسووڕێنن .

عەشیرەت لەناونەچوون، هەر تەرزیان گۆڕاوە . بار لە ئەمارەت - یەکێتی عەشیرەتان - عەشیرەتانی گەورەوە هاتووەتە سەر عەشیرەتانی چووکترو سادەتر، کە تادێ پتر لە دەستەجاتێکی بەرەبابان دەکەن . ئاغا هەر خزمی هاوعەشیرەتانی خۆیەتی و کەمتر زەبرو زۆری لەدەست دێ . شێخ و ئاغای کە لای خەڵکی زۆر رێزیان لێ - بگیرێ و بەوە بتوانن بە چارەسەری دوژمنایەتیان رابگەن کەم ماون، بەوە کێشەوهەرای عەشیرەتی زۆر بوون . دوژمنایەتیی خوێن، ئەویش بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیادا کە زۆر شێخ و ئاغای گەورە بەزۆر لە شوێنی خۆیان دوورخراونەوە، هەیە . لە هەندێ رووەوە،وێدەچێ نەریتی‌کۆمەڵایەتیی‌کورد پتر بوویێ بە عەشیرەتی :

---

notes',Bulletin of the School of Oriental and African Studies, 3, 1 (1923), PP. 69&106 ←

بۆ دوانێکی فراوان لە دەوری سیاسیی شێخانی کوردستان بڕوانە :

van Bruinessen, Agha... P277-296,313-337

دژایەتی وهاوپەیمانیی نێوان بەش- بەشی عەشیرەت پتر لەبەرچاون، رەنگە بۆ بیروباوەڕی خزمایەتیش هەمان وابێ.

عەشیرەتی کورد، بەهۆی کارتێکردنی دەوڵەت،کەوتووەتە سەر ئەو هەمان رێیەی کە زۆرتر وایە بە زنجیرەی قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندن باسی لێ دەکرێ ( بەرە و/ یا تیرە ← عەشیرەت ← یەکێتی عەشیرەتان ← ئەمارەتان ← ( دەوڵەتی نەتەوایەتی) ــ وەرگێڕ)*، بەڵام بە گەڕانەوە لەوسەرەوە! ( بەرە و/ یا تیرە ← عەشیرەت ← یەکێتی عەشیرەتان ← ئەمارەتان ـ وەرگێڕ ) .

وەنەبێ من بەموێ بەمە نکوڵی لە هەڵوەشانی عەشیرەتگەری بکەم، ئەوە شتێکە، چ لە ناوەوەو چ بە تەئسیری سیاسەتی بەئانقەستی دەوڵەت بۆ ئەوە، بەڕاستی روودەدا . کۆچ پێ کردنی بەزۆر، زێد جێهێشتن بۆ کارو- کاسبی و نان پەیداکردن، خوێندن، چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ( ئیسلاحاتی ئەرزی )، دوورخستنەوەی ئاغاکان لە عەشیرەتەکانیان، بە مەکینەکردنی کشتوکاڵ... ئیدی شتانێکن کە زۆر ئاشکران . من لێرەدا تەنیا دەمەوێ ئەوە چاك بخەمە بەرچاو کە مەرج نییە هەر دەستتێخستنی دەوڵەت ئیتر مانای هەڵوەشاندنی عەشیرەتگەری بێ و، نەریتی عەشیرەتگەریی کە بەم شکڵەی ئێستا( بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیادا) هەیە بەشێکی زۆری بەهۆی ئەو حوکمە ناڕاستەوخۆییە کە ئێستاش بەشێوەیەکی غەیرە رەسمی بەجێدەهێنرێ .

ئەم رێبازی " بە گەڕانەوە لەوسەرەوە" ی باسمان کرد، وابووە - ئەگەر هەر بۆ سەردەمێکی کەمیش بووبێ - دیسان هەڵگەڕاوەتەوە . ساڵانی دەوروبەری شەڕی جیهانیی یەکەم سەردەمێکی وابووە . ئیمپراتۆریی عوسمانی تەپیوەو حوکمی بنەماڵەی قاجاریش هەروەتر، ئیدی دوای ئەوە چەند ساڵی پێچووە تاکو رژێمی نوێی مەرکەزی بەشی ئەوەندە خۆیان گرتووەتەوە کە بتوانن کۆنترۆڵی بەهێزی مەرکەزی بسەپێننەوە، لەو چەند ساڵەی نێواندا چەندین یەکێتی عەشیرەتانی کورد یەکێتیی جارانیان پێکهێناوەتەوەو تەنانەت عەشیرەتی هاوسێشیان خستوونە ژێردەستی خۆیانەوە . ئەمە دوا دەکاردابوونێکی یەکێتی عەشیرەتان بووە لە مێژووی کورددا و رەنگە تاقە جارێك بێ کە ئەسنادی باشی دەربارە وەگیربێ . چەندین لەو یەکێتیانەیعەشیرەتانی کە ژیانەوە ناویان بە سەردێڕی درشتی رۆژنامەکان گەیشت، ئەویش زۆرتر بەهۆی پێوەندیان بوو بە نەتەوایەتیی کوردەوە : "هەڤێرکان" ( رۆژهەڵاتی ماردین، تورکیا)، "جەلالی" ( لە دەوری چیای ئارارات)، "پژدەر" ( رۆژهەڵاتی

---

* بەڕوونە : M.Sahlins, Tribesmen ( Prentice Hall, Englewood Cliffs, 1966 )

قەڵادزێ Qaleh Dizeh،عیراق) و " شـکـاك Shakak "ی کە باسی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێرەیە .

لەم سەردەمەدا ، نەریتی یەکێتی عەشیرەتانی هەڤێرکان و شکاك و لەوانەیە جەلالی‌یش، لە چەند شتێکدا ئەو نەریتە ئاساییە نەبووە کە روونمان کردەوە ( و وەك بارت Barth لە باسی یەکێتی عەشیرەتانی جافـدا باسێکی کەمێ میسالی‌لێ‌کراوی خستووەتە بەرچاو*) . لێرەدا نەك یـەك بەرەی رابەر بەڵکو چەنـد بەرەی رابەر هەبوون کە رەقابەتیان لەسەر گەورەئاغایی لە نێواندا بووەو هەریەکەو لە فلانە عەشیرەتی یەکێتیەکە بووە . من ئەمەم بە نیشانەیەکی پێکهاتن (ـەوە)ی ئەو ئاخریانەی یەکێتیەکانی عەشیرەتان دێتە بەرچاو . ئەوەبووە پێگەیشتن و تێك‌هەڵشێلانیان لەگەڵ سەرکەوتنی یەکێك لەو بەرەرابەرانەدا بووە .

عەشیرەتەکانی یەکێتی، هەویەتی خۆیان پاراستووە . هەریەکە لە قەڵەمرەویەکی خۆیدا بووە کە سنووری بـە چاکی دیارکراوە، جۆرلەوەری تایبەتی سنووردیارکراوی بۆ ئاژەڵی هەبووە جا چ هی خۆی بووبێ و چ بە مافی بەکارهێنانی بووبێ . رابەرایەتیی ئەو عەشیرەتانە لەوەی یەکێتی عەشیرەتان پایەدارتر دێتە بەرچاو . بەگشتی وابووە ژن و ژنخوازییان هەر لە ناوخۆدا بووە، هەرچەندە هەرە بچووکیان وا نەبوون، مەیل زۆر بەلای هێنانی کچی مامدا بووە . ئەم عەشیرەتانە وابووە لە خەڵکی زۆرجیاواز پێك‌هاتوون، وەك لە حاڵەتی هـەڤێرکـاندا دەبینین کە هەندێکیان مسوڵمان و هەندێکیان یەزیدی بوون و تەنانەت مەسیحیی شەرکەریشیان تێدابوون تەواو وەك عەشیرەتە کوردەکان سەیرکراون . عەشیرەتەکانی یەکێتی لە پلەوپایەدا وەك یەك نەبوون،عەشیرەتی مەرکەزی هەبوون کە چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی عەسکەرییەوە دەسەڵاتیان بەسەر یەکێتیەکەدا هەبووە، عەشیرەتی تریش لەلایەکەوە هەبوون، زۆرتر لە ژێر باڵیدا بوون یا تابیعی بوون، لە سەرکەوتنیدا رەگەڵی کەو-تبوون، یا بەزۆر کرابوونە تابیع و ژێردەستەو، ئەمانە لەکاتی تەنگانەدا یەکەم دەبوون کە لێی جیادەبوونەوە .

لە دەورانی ئارامیی نیسبیدا، ئاغاوەتی چاو لە دەسەڵات بۆیان نەکراوە ببنە گەورەئاغای یەکێتیعەشیرەتانی وا گەورە یا گەورەئاغایەتیی خۆیان بپارێزن مەگەر دەوڵەتێکی مەرکەزیی بەهێز دەستی پێوەگرتبن . دەبێ کە نەسڵ و فەسڵی گرنگ، میواندارییی بە ئەوپەری دەست بڵاوی، ژیری، مەیلی یارمەتی دانی رەعیەتان ( ئاکاری ئاغای" سەرۆك"بابەت) بۆ رێز پەیداکردن بۆ ئاغایەك پێویست بووبن، بەڵام بەزەحمەت سەلماندنی گەورەئاغا-ییەکەی بەگشتی هەر بەوەندە ئاکارانە بۆ مسۆگەر بووبێت . لە سەردەمی وادا، چەندین کەس هەبوون کە بۆ

* F.Barth,Principles of Social Organization in Southern Kurdistan (Jørgensen,Oslo,1953)

گەورەئاغایی یەکێتیەکەیعەشیرەتانیان رەقیبی یەکتر بوون، هەر کام لەوانە هەربەشێك لە پیاوانیعەشیرەت قەبوولیان بووە، لەناو هەر عەشیرەتەشدا چەند ئاغای رەقیب هەبوون کە ئەوانیش هەریەکەو لایەنگری یەکێك لە رەقیبەکانی گەورەئاغایی ئەو یەکێتی عەشیرەتانە بوون. بەم جۆرە دەستەبەندیەکی لەبابەتی ئەوەی سەر تەختەی شەترەنجی لێ پەیدابووە، کە هەر کەرتی عەشیرەتە لە یەکێتیەکەدا خانەیەکی لایەکی گرتووەتەوە.

لە رۆژگاری حکومەتی بێهێزدا ،بەهەرحاڵ،وەك سەردەمی ساڵانی ١٩١٥-١٩٣٠ ،ئاغاوەتی رەقیب توانیویانە مل لە کرداری عەسکەریی وا بنێن کە دەسەڵاتیان بەسەر عەشیرەتاندا پتر بۆ بسەپێنێ - rووی جەردەیی ئاغا.

ئەم کردارانە بریتی بوون لە پەلاماردانی کاروانان یا شاران یا دێهاتیعەشیرەتانیهاوسێ - شێوەی زۆر چاکی کە پیاو یەکێتیی عەشیرەتی خۆی پێ پتەوکردووە. بەڵام وادیارە هێرش بردنی بۆ سەر دێهات و رەشماڵی عەشیرەتەکەی خۆیشی هەر ئەوەندە گرنگ بووە، لەم حاڵەتەدا هێرش بۆ سەر ئاغایەکی رەقیب لە عەشیرەتدا و ئەو نیوچەعەشیرەتە بووە کە سەر بەو ئاغا رەقیبە بوون و دەسەڵاتی ئەویان قەبووڵ بووە. لێرەدا،کوشتار و وێرانکردن کەمتر رووی‌داوە، هەر حەیوان پێش خۆ دراون و شتی تری لە هەڵگیران هاتبێ براوەو، رەنگە دوایی (لەهەرتك) درابێتەوە بە خاوەنی. دەستوپێوەندی ئاغا ئەو هێرشانەیان بەجێ‌هێناوە، ئەوانە دەستەیەك شەرکەری دڕی لەئەسڵی جۆراوجۆر بوون (وابووە غەیرەکوردیشیان تێدابووە) کە دەستیان لەهەموو پێوەندیەکی کۆمەڵایەتیی پێشوویان هەڵگرتووە (ئەگەر ئاغاکەیان پێی گوتبان ئامادەبوون دایك و باوکی خۆشیان بکوژن).

ئەو دەستوپێوەندە لەگەڵ ئاغاکەیاندا ژیاون، بژیویان لەسەر ئەو بووە و هەرتەنیا پێبەندی ئەو بوون، لە رۆژ-گاری ئارامتردا نیسبەتێکی دە و یەکیان بۆ ئاغا وەکۆکردووەو بێگاریان بە رەعیەتی ناعەشیرەت کردووە.

ئەگەر چەندهێرشێك بە سەرکەوتوویی بەئەنجام درابن، دێهات وکەرتی عەشیرەتان هاتوونە ژێر ئاڵای هێرشبەر. هەم لە ترسان و هەم لەبەرئەوەش کە ئاغای هەرە ئازا و زیت و زیرەك بە هەرەباش دانراوە *.

"جەردە" و "سەرۆك" مەرج نیە دوو جۆرە ئاغای جیاواز بن، هەرتك زۆرتر دوو رووی تەواوکەری یەکتری ئاغای میسالین. دەکرێ لاوانی کۆنە بنەماڵەیعەشیرەتی، وەك جەردەو هەرتازەپێداکەوتوویەکی کە یەخەیان بگرێ رەفتاربکەن، زۆرتر هۆکاری سیاسیی دەرەوەن کە دەبنە هۆی ئەوە بار بە کامە روویدا بشکێتەوە.

---

* رەفتاری ئاغایەکی کە زۆر سەرکەوتووانە ئەم رێیانەی بەکارهێناوە، حاجۆ ی یەکێتی عەشیرەتانی هەڤێرکان (سەردەمی ١٩٢٠- ١٩٣٠) هێندێك بە درێژی لە van Bruinessen,Agha... P110-116 دا باس کراوە.

دەبێ لێرەدا بەچاکی سەرنجی ئەوە بدرێ کە، بەهەرحاڵ، تەنانەت ئاغاوەتی " جەردە"ی هەرە سەرکەوتووش هەر تەنیا بەو رێوشوێنانەی کە باس‌کران نـەبووە کە بوونە خاوەن دەسەڵات، ئەوانیش وەك هەموو جۆرە ئاغاوەتی هەموو دەورانێك شتێکی تریان رەگەڵدا خستووەتەکارەوە: پەیمانی سیاسی لەگەڵ هێزانی دەرەوەدا: عەشیرەتی تر یا یەکێتی‌عەشیرەتانی تر( ئەمە لێرەدا گرنگە کە ئاغای گەورەی شکاك و هەمەوەندەکان پێش ئەوەی بەتەواوی دەستیان بەسەرعەشیرەتانی مەرکەزیی یەکێتی‌عەشیرەتانی خۆیاندا بڕوا پیاوانێکی زۆریان لە عەشیرەتانی تـر وەدەست هێناوە) و بازرگانی شارستانیش، بەڵام دیارە هێزی هەرەگرنگ دەوڵەت بووە . تەنانەت ئەگەر دەوڵەت دەستێکی ئەوتۆشی نەڕۆیشتبێ،هـەر،ئاغا لەو رێیەوە توانیویە زۆر دەسەڵات وەدەست بخات ـ مادام دەوڵەت ئەوە نەبووە کە بەتەواوی لەوناوەدا نەمابووبێ و، کە لە رووی تیۆریشەوە دوا مافی زەبرو زۆر هەر بەدەست ئەو بووە . دەوڵەت توانیویە ئاغایەك، لەبەرامبەر بەڵێن و گفتی پێ‌بەندیدا، بە تاقە گەورەئاغای عەشیرەتەکەی یا یەکێتی عەشیرەتانی بناسێ . هەرئەوەندە سوڵتانی‌عوسمانی ( کە بە بەربڵاوی بە خەلیفەش قەبووڵ بووە) بە رەسمی ئاغایەتیی زەلامێکی سەلماندبێ، ئیتر ئەو سەلماندنە خۆی لە خۆیدا تەئسیری هەبووە . سەلماندنی ئاغا-یەتیەك بەرەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە، بەهەرحاڵ، زۆر وابووە بە دیاریی گرنگەوە هاتووەو، زیادبوونی دەسەڵاتی قانوونیی بۆ ئاغاکە رەگەڵدا بووە . رەنگە ئەم قسەیەمان بە هێنانەوەی دوو نموونە روون بێتەوە :

یەکەمیان ـ سوڵتان‌عەبدولحەمید ساڵی ١٨٩٠ میلیشیای‌عەشیرەتی (حەمیدیە)ی لە ئەیالەتەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا پێکهێناوە . ئاغای عەشیرەتانی کردوون بە فەرماندەی فەوجی سوارە، فەوج لە ٨٠٠ تا ١٠٠٠سوار پێکهاتووە کە ئەو ئاغایانە لەعەشیرەتەکانی‌خۆیانیان سازداون . حەمیدیە،دەوڵەت چەکداری - کردوون، لە باج بـەخشراون و، لە کاتی بە ئەنجام دانی فەرمانیشدا مەعاشیان دراوەتێ . هەرچەندی راوڕووتی لە خەڵکیشیان کردبێ گەردنیان ئازادبووە . ئەوانەی بە فەرماندە دامەزراون، دەسەڵاتی زاڵـمـانەیان بە سەر عەشیرەتەکانیاندا پەیداکردووە . لە دوای کۆدێتای تورکی لاو، هێزی حەمیدیە هەڵگیراوە، بەڵام تورکی لاو دیسان میلیشیای عەشیرەتییان بە هەمان بەزمی جاران سازداوەتەوە تاکو بەشداری شەڕی گەورە بن .

نموونەی دووەم ـ بریتانیەکان لە عیراق، ئەگەر هەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، دەسەڵاتی لە رادە بەدەریان داوە بەو ئاغایانەی کە بەرەسمی بە گەورەئاغایان داناون، هەندێك کراون بە حاکمی ناوچەو دەسەڵاتی جەندرمەیان دراوەتە دەست، جەندرمەکەش لە خەڵکی ئەو شوێنانە پێکهێنراون و دیارە دەبێ زۆرتر وەك دەستوپێوەندی ئاغای حاکم دەکاردابووبن .

ڕەقیبانی ئەم ئاغایەی کە دەوڵەت وەزیفەی داوەتێ، ئیتر - ناچار- بوون بە"چەتە" و بە" دۆست وهاوپەیمان"ی دەوڵەتی ڕەقیبی ئەم دەوڵەتە . ئیدی زۆرتر هەر ئەوەندە بۆ حکومەت بەس بووە بۆ ئەوە کە عەسکەر بۆ لێدانیان بنێرێ .

لە دوا دەساڵانی سەدەی نۆزدەیەمەوەبەدوا، زۆر ئاغا بە چاکیان زانیوە پێوەندی لەگەڵ ڕووسیاو/ یا بریتانیادا دامەزرێنن . ئەو هێزانە، هەرچەندە ناخۆشەویستیش بوون، بەڵام لە سوڵتان یا لە شا بەهێزتر هاتوونەتە بەرچاو ( کەواتە هاوپەیمانی بەکەڵکتر بوون ) . وادیارە بریتانیەکان هەتا شەڕی گەورەش هەر بەڵێنی هیچیان نەداوە، بەڵام ڕووسیا چەندین جار لە ڕابەرانی کوردی گێڕاوەتەوە، زۆر بەڵێنی داونێ و زۆر پارەو دیاریی تری بە سەر ئاغایاندا بەشیوەتەوە*و، مەرکەزی ئەمانەی دوایی بەوە بەهێزبووە .

* ب. نیکیتین B.Nikitine، ایران کە من شناختم، وەرگێڕان لە فەرەنسیەوە ( معرفت،تهران ١٣٢٩/ ١٩٥١)، ص٢٢٩ ؛ W.Eagleton,Jr. , The Kurdish Republic of 1946 (Oxford University Press,1963),P.7.

## عەشیرەت و خەڵکی ناعەشیرەتی

نابێ پێمان وابێ کە کورد قەت لە هەرسەردەمێکی مێژوویاندا هەرهەموو عەشیرەتی بووبن، هەمیشە جووتیاری کوردی ناعەشیرەتی هەبوون (بە ناوی جیاواز: کورمانج kurmanj، گوران guran، رەعیەت rayat، مسکێن misken) کە نەریتی کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆیان لە بەرەی سەتحی بەولاوە نەبووە . پیاوی عەشیرەتی کە بەسەریاندا زاڵن (...بوون) و دایاندەدۆشن (...دۆشیون)، هەیکەلی نەریتی خۆیان بەسەردا سەپاندوون . بەم جۆرە،لەوانەیە کورمانجێکی کە لە زەویەکی بەردەستی یەکێتی عەشیرەتانی شکاکدا بژی، خۆی بە کەسێکی لە عەشیرەتێك یا نیوچەعەشیرەتێکی ئەو یەکێتی عەشیرەتانە دابنێ و تەنانەت رقیشی لە کرمانجێکی تر بێت کە لەگەڵ دەستەی تری شکاکی رەقیبدایە . دەکرێ لە دوژمنایەتیی خوێنی نیوچە عەشیرەتانیشدا دەورێکیان هەبێ، هەرچەندە دەورەکەش زۆرتر هەر ئەوەبێ کە ببنە قۆچی قوربانی، بەڵام کەس نیە بە شکاکی تەوایان دابنێ. پیاوی عەشیرەتی، نوخبەی عەسکەری بوون، زۆرتر ( بەڵام مەرج نیە) کۆچەر یا شوانکارە بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە . زاراوەی عەشیر ashir یا عەشیرەت ashiret ئەوە نیە بۆ ناوبردنی عەشیرە - تێکی تایبەتی بەکاربێ، بەڵکو بۆ جیاکردنەوەی وەك جۆرە تایفەیەکی عەسکەریی پیاوی " عەشیرەتی " یە . چەندین گەشتوەری سەدەی نۆزدەیەم* ئەوەیان تێبینی کردووە کە زاراوەی عەشیرەت وسپاهی sipahi وەکویەك و لەجێی یەکتر بەکارهاتوون، ئەمەی دوایی (سپاهی) ناوی چینی عەسکەریی لەمێژینەی عوسمانی بووە - هێزی سوارەی دەرەبەگی .

بەوە کە زۆر پیاوی عەشیرەتی کۆچەر نیشتەجێ بوون و ملیان لە کشتوکاڵ ناوە، جیاوازیی نێوان کوردی "عەشیرەتی"و" ناعەشیرەتی"یش وای لێهاتووە کەمتر روون و دیار بێ . ئەم جیاوازیە،بەهەرحاڵ، لای کوردە- کان خۆیان هەر هەیە و، زۆر وادەبێ لە مەسەلەی زەویدا خۆ دەنوێنێ . پیاوی عەشیرەتی بەگشتی خاوەنی هێندێك زەوین، کەسانێك لە چەندین عەشیرەتی کوردی ئێران باسی ئەوەیان دەکرد کە هیچ پیاوێکی هاو-

---

* بە نموونە : C.J.Rich ,narrative...,p. 88. ;

C.Sandreczki, Reise nach Mosul und durch Kurdistan nach Urmia(Steinkopf,Stuttgart,1857), vol.2.p. 263.

عەشیرەتی خۆیان نەدەناسی کە بەلای کەم " خوردەمالیك khurde-malik " نەبێ . لە بەرامبەر ئەوەدا، کوردی "ناعەشیرەتی" زۆرترهەر زەویی ئیجارەیان دەکێلا، شەریکەبەش بوون یاهەر وەرزێری بێزەوی بوون . رەعیەتی کە بەگوێرەی قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی بوونە خاوەن زەوی، هێشتا بە هاوپلەی پیاوی عەشیرەتی دانانرێن، هەرچەندە زۆرکەمیش لە پیاوی عەشیرەتی نیشتەجێ جیاوازن .

هەرچەندە جیاکردنەوەی پیاوانی عەشیرەتی لە رەعیەتی ناعەشیرەتی دەکرێ بڵێی لای هەرعەشیرەتێك بەوردی هەر لە ئارادابووە، بەڵام وادیارە وابووە ئەو دوو چینە ئاڵوگۆڕی گرنگیان کردووە . زۆربوونی خێرای هەندێ عەشیرەتان لە سەردەمی خۆشبەختیدا( زیادبوونی بە نیسبەتی لە سەدا دووسەد لەماوەی ٥تا ١٠ ساڵدا وەنەبێ بەدەگمەن روویدابێ) هەردەکرێ بەهۆی هاتنە ریزی خەڵکێکی " ناعەشیرەتی" لە شوێنی ترەوە و تێکهەڵشێلا- نیان پێکهاتبێ . لە سەری ترەوە، حاڵەتی عەشیرەتگەرییش وابووە، بەهۆی داگیرکران لەلایەن عەشیرەتێکی ترەوە یان بەهۆی هەژاربوون و بەدوادا نیشتەجێ بوونی، هەڵوەشاوەو لەناوچووە .

دانیشتوانی ئەو زەویانە،تا تەواو ئەم دواییانەش،هەرتەنیا کورد(ی عەشیرەتی وناعەشیرەتی) نەبوون، دەستەی لە قەومی تریشیان تێدابوون: مەسیحی( ئەرمەنی، نەستۆری، یاقووبی (یەعقووبی)ی سوریانی زمان) و جوو . زۆربەی پیشەوەران و زۆر بازرگانی شاریش لەو قەومانە بوون . زۆربەی مەسیحیەکان، بەهەرحاڵ، زەویان کێڵاوەو، بەوە کە سەنعەتکارتر بوون زۆرتر وابووە لە کوردی ناعەشیرەتی دەوڵەمەندتر بوون . لە زۆرترینی شوێنان لە رووی سیاسیەوە ژێردەستەی پیاویعەشیرەتیکورد بوون و لە رووی ئابووریشەوە چەوساوەی دەستی ئەوان بوون، هەبوون کە پێیان گوتراوە" عەشیرەتی"( زاراوەیەکی کە زۆرتر لە شەڕکەری و سەربەخۆییان دواوە تا لە نەریتی کۆمەڵایەتیان) و، کوردی ناعەشیرەتی ناوچەکەیان خستوونە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە .

نێوانی کورد لەگەڵ مەسیحی و جووی وڵاتدا بەگوێرەی کات و شوێن زۆر جیاواز بووە . بەهەرحاڵ،ئەو نێوانە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، کاتێ هێزە ئەوروپاییەکان تەقەلای بڵاوکرنەوەی مەزهەبی کلیسای خۆیان لە ناو مەسیحیەکانیکوردستاندا زیادکردووە، زۆر خراپ بووە . مەسیحی و کورد ،هەرتك، ئەم چالاکیەی کلیسایان بە رێخۆشکردنێکی هێزە گەورەکان بۆ پتر دەست خستنە کاروبارەوە داناوە . مەسیحیەکان کە هەستیان بەوە کردووە پارێزگاری بەهێزیان هەبوون،چیتر ئەو دادۆشین وچەوساندنەوە لەمێژینەیان لە ئاغایکوردەکان قەبووڵ نەکردووە . زۆرکوردیش، دیارە، لە کۆنترۆڵی روولەزیادبوونی هێزە ئەوروپاییەکان بەسەر حکومەتیعوسمانی و ئێراندا و، لە زیادبوونی چالاکیی کلیساکان لە کوردستاندا و، لە گیانی شەڕکەریی مەسیحیە ناوچەییەکانی

کە لەو بارە پەیدا بووە ترسیان لێ نیشتووە، ئەوەبووە تووڕەییەکەیان بە سەر ئەمانەی دوایی(مەسیحیەکان) دا شکاندووەتەوە . ئەم گیانی دوژمنایەتیە کارێکی کردووە کە کورد گوێ لە پڕۆپاگەندەی پان ئیسلامیی سوڵتان عەبدولحەمید (١٩٧٦-١٩٠٨) بگرن و،کە بە چەندین کوشتاری گشتیی مەسیحییان بگا * .

* لە ١٨٤٣و١٨٤٦دا نەستۆریەکانی کوردستانی مەرکەزی، لە ١٨٩٥-١٨٩٦دا ئەرمەنی، لە١٩١٥دا ئەرمەنی و، هی هەموو دەستە مەسیحیەکانی بە دوادا هات .

## پان ئیسلامیەت و نەتەوایەتیی کورد

پیاوی عەشیرەتی کورد پێبەندی نەزمێکی تایبەتی کەرت-کەرتی هاوپەیمانی و دژایەتیە . لەم سەردەمەی جێباسی ئێرەدا، بەهەرحاڵ، دوو بیروباوەڕی گرنگ پەیدابوون کە بانگەوازیان بۆ پێبەندیی بەرینتر بووە : پێبەندی بە" پان ئیسلامیەت" و بە " نەتەوایەتیی کورد"ەوە . پان ئیسلامیەت و بزووتنەوە نەتەوەییەکوردەکان لەلایەك و دەوڵەتەکان لەلایەکی ترەوە،هەرتك لا،لە مەسەلەی نێوانیان لەگەڵ عەشیرەت و ئاغاوەتدا لە شتێکدا وەك یەك بوون . لای ئاغاکان، ئەم بزووتنەوانەش - وەکو دەوڵەت - چ لە رووی بیروباوەڕ و چ لە رووی ماددیەوە سەرچاوە بوون بۆ دەسەڵات . بزووتنەوەکانیش لای خۆیانەوە، پێویستیان بەعەشیرەتان بووە کە هێزیعەسکەر-یيان بدەنێ، بەڵام ئەوانیش - وەك دەوڵەت - دیتوویانە کە عەشیرەت چ بنکەیەکی ناپایەدار بوون . ئەمە بە-تایبەتی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی راستە : جیاوازیی عەشیرەتی هەمیشە بێهێزیی سەرەکیی بووە .

بزووتنەوەی پان ئیسلامی رێك سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، یا وردتر بڵێین : سەر بە سوڵتان - خەلیفە بووە . بەلای کەم سێ شت بوونە هۆی ئەوە کە تواناو تەئسیری لە کوردستاندا پەیداکردووە : یەکەمیان ئەوەبووە کە هێزە ئەوروپاییەکان و ئەو پشتگیریەی دیاربووە لە مەسیحیەکانی کوردستانیان کردووە، کوردی نیگەران کردووە . "مەترسیی مەسیحی" کارێکی کردووە هاوکاریی مسوڵمانان بۆ بەرگری لەخۆکردن بە پێویست بێتە بەرچاو . جگەلەوەش، پان ئیسلامیەت دەستی پیاوی عەشیرەتی کوردی بەرەڵاکردووە بکەوێتە تاڵان و بڕۆی مڵك وماڵی مەسیحییان . دووەم : بەرژەوەندی شێخەکان رابەرانی هەرە دەسترۆیشتووی کوردستان لەوەدا بووە کەعاتیفەی ئاینی بەهێزبکەن(رەواکردنی!)، ئەمانە پڕۆپاگەندەچیی هەرەگەرمی ئەم پان ئیسلامیەتە بوون . هۆی سێیەم ئەوەبووە کە ئاغاوەتی کورد سوڵتان عەبدولحەمیدی داهێنەری ئەم بزووتنەوەیەیان بە پارێزگاری خۆیان داناوە لەئاست حوکمی ئیدارە(بیرۆکراسی)ی دەوڵەتدا کە ویستوویە لەدەستیان بدا . پڕۆپاگەندەی پان-ئیسلامی ئەوەندە بەتەئسیربوو کە لە ١٩١٤-١٩١٥دا نزیکەی هەموو کورد ( بەئەوانەی ئێرانیشەوە) بەدەم بانگەوازی جیهادەوە چوون ـ زۆریان لەوانەش تێدا هەبوو کە پارەیان لە رووسان وەرگرتبوو * .

---

* نیکیتین، ایرانی... ص ٢٢٩ - ٢٣٦ ؛ و لە هەمان نووسەر :

Les Kurdes, Etude Sociologique et Historique (Klincksieck,Paris,1956),PP. 216-23.

نـەتـەوایـەتیی کـورد ، بەشێکی پەرەسەندنی لە کاردانەوەو لاسایی کردنەوەی نەتەوایەتیی ئەرمەنی و( دواتر) بزووتنەوەی تورکی لاو بووە . ئینگلیس و رووس، هەرتك، ئەم نـەتـەوایەتیی کـوردەیان هان داوە بەو نیازەی لە دژی دەوڵەتی عوسمانیی بەکاریبێنن . یەکەم تەقەلای گرنگی دروست کردنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کـورد ، ساڵی ١٨٨٠ لەلایەن "عوبەیدوڵڵا"وە بوو ، کە شێخێك بوو لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان دەستی زۆر دەرۆیشت . بە لەشکرێکەوە، کە لە عەشیرەتە زۆرەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی ساز دا، چووە سـەر ئازەربایجانی ئێران و زۆرعەشیرەتی ئەوێی رەگەڵکەوتن*. سوڵتان عەبدولحەمید بەوە یارمەتی دا کە بێدەنگیی لێکرد، سـوڵتان دەوڵەتێکی کوردی تابیعی لە قەڵەمڕەویەکی کە پێشوو ئێران بووبێ بەدڵ بوو و، نیازیشی هەبوو شێخ لەدژی شۆڕشگێڕە ئەرمەنیەکان بەکاربێنێ . عوبەیدوڵڵا ،کە ئەوەندە یارمەتیەی سوڵتانی پێ بەس نـەبوو ،مەبەست و نیازی خۆی بە نامە بۆ حکومەتی ئینگلیس نووسی** . ئـەو سەرنەکەوت، بەڵام ئارەزووی بـەرزی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کـورد مایەوە . زۆر ئاغا ، ئەگەر هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە لەوەیکردووە دەسەڵات و ئازادیی شەخسیی پتری بۆ ئەوان تێدابووبێ، بوونە هەڵگری ئەو بیرە .

لە شەڕی گەورەدا دەرکەوت کە عاتیفەی پان ئیسلامی لە هەستی نەتەوایەتی بەهێزتربوو***، و تەقەلای گرنگ بۆ جیاکردنەوەی قەڵەمڕەویی کـورد لە ئیمپراتۆریی عوسمانی لەئارادا نـەبوو . بەڵام بەهەرحاڵ دوای شکانی عوسمانی، نەتەوایەتی زۆر بەخێرایی سەرتاسەری کـوردسـتانی گرتەوە . خەڵك بەگشتی لە چاردە نوختەکەی سەرۆك ویلسن ( کە بیروباوەڕی " مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ" شی تێدا بوو، بیری لینین و ستالین لەورووەوە هێـشتا بە تەفسیر نـەبوون ) و لە پلانی ئینگلیسـان بۆ دەوڵەتێکی کوردی لەمپەر لەنێوان تورکیا و

---

* Joseph, Nestorians,PP. 107-13; W.Jwaideh, 'The Kurdish Nationalist Movement : its Origins and Development', unpublished PhD dissertation, Syracuse University,1960,PP. 212-39; van Bruinessen, Agha,PP. 328-9.
** Joseph,Nestorians,P. 109f.

*** شوێنێکی جێ‌سەرنج لە بیرەوەریی کوردی نەتەوەیی " زنار سیلۆپی"(ناوێکی بەکارهاتووی جەمیل پاشازادە قەدری بەگ)دا باسی ئەوەیە کە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەستی پان ئیسلامیەت، نەیتوانیوە وا لە ئەفسەرانی کورد بکا گوێ لە پرۆپاگەندەی بگرن .

Z. Silopi, Doza Kürdüstan,(Stewr, Beyrouth,1969), PP. 38-39

کە وەرگێڕانی بەشێکی لە van Bruinessen, Agha, P.360 دا هەیە .

میسۆپۆتامیادا ئاگادار بوون . کاتێ باسی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد هاتەکایەوە، زۆر شێخ و ئاغای عەشیرەتی لەپڕێکا بوونە نەتەوەیی و راپەڕین . جیاوازیی نێوان ئەم چەشنە یاخیبوونە نەتەوایەتیانەو تەرزی پتر لەمێژینەی " یاغیگەری yaghigiri "ی ئاغایان جیاوازیەکی زۆر زەق نەبوو، وەك رەنگە بە حاڵەتی یاخیبوونی سمکۆ ، یاخیبوونی هەرە گرنگی لەو تەرزەی کە لە کوردستانی ئێراندا روویدابێ، پیشاندرابێ .

## سمكۆ و یەکێتی عەشیرەتانی شکاك

سـمـكۆ بە گەورەئاغایی " شـكاك " ی دووەم گەورەترین یەکێتی عەشیرەتانی کوردی ئێران گەیشت . تەنیا کەلهوڕی کە لە ڕۆژئاوای کرماشان دەژین، بە ژمارە لەوان پترن . شکاك لە ناوچە شاخاویەکانی " سۆمای " و "برادۆست" ی ڕۆژئاوای" سەلماس" و" ورمێ" دەژین (/ دەژیان) . دەوری ١٩٢٠، بێ لە ڕەعیەتی ناعەشیرەتی، دووهەزار ماڵێك دەبوون .

سەرژماریی ئەوسەردەمەی عەشیرەتە هاوسێکانی نین، بەڵام ژمارەی دواساڵانی ١٩٦٠ نیشانەیەکمان دەدەنێ کە بەگوێرەی ئەوە نیسبەتی هێزی عەشیرەتەکان لە زەمانی سمکۆدا وەبەرچاوبێنین * :

| | | | |
|---|---|---|---|
| شـكاك | ٤٤٠٠ ماڵ | مامەش | ٩٥٠ |
| میلان Milan | ٢٠٣٠ | زەرزا | ٧٥٠ |
| مەنگوڕ | ١٥٠٠ | پیران | ٦٥٠ |
| هەرکی | ١٣٥٠ | بەگزادە | ٥٠٠ |
| جەلالی | ١١٣٥ | حەیدەرانلی | ٣٠٠ |

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ، بەهەرحاڵ، کە زۆربەی ئەم عەشیرەتانە بەشیان لێ هەن کە لەودیوی سنوور دەژین و نەخراونە ئەم ژمارانەوە . بەتایبەتی هەرکی و حەیدەرانلی ژمارەیان لەوە پترە کە لێرەدا باسکراوە .

ئەو شکاکانەی کە لە ١٩٢٠یشدا هەر بە کۆچەری تەواو مابوونەوە کەمایەتی بوون . هاوینانە ئاژەڵیان دەبردە لەوەڕگەی خالیسە khaliseh ( زەویی دەوڵەتی)ی ناوچەی " تـەرگـەوەر" و " دەشـتی بل Dasht-i Bil " و زستانیشیان لە دەشتی سەلماس و ورمێ بەسەردەبرد . زۆربـەیان گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، زستانیان لە دێهاتیچیا بەسەردەبرد. شکاك فەرمانڕەوای کورمانجـkurmanjی بەژمارە سێ ئەوەندەی خۆیان بوون(جووتیاری

---

* H.Arfa, The Kurds. An Historical and Political Study ( Oxford University Press, 1966), P. 48 ;

م . ج . مشكور، نظری به تاریخ آذربایجان و آثار باستانی و جمعیت شناسی آن ( انجمن آثار ملی، تهران، ١٣٤٩/١٩٧١) ص ١٩٠؛ ع . دهقان، سرزمین زردشت . اوضاع طبیعی، سیاسی، اقتصادی، فرهنگی، اجتماعی و تاریخی رضائیه ( ابن سینا ، تهران، ١٣٤٨/ ١٩٦٩) ص ٦٠ .

کوردی ناعەشیرەتی ) و نێوانێکی" مفتەخۆری/ پێکەوەژیان " ی لە هەمان بابەتیشیان لەگەڵ ئەو مەسیحیانەدا هەبوو کە لەناو شکاکدا بوون . زۆر لەومەسیحیانە زۆر دەوڵەمەندبوون،ئەوان هەر جووتیارو پیشەوەر نەبوون، بەڵکو حەیوانیشیان بەخێودەکرد، زۆر لەوانە هەریەکەو لەبابەتی ١٠٠٠سەر مەڕ و ٤٠ ئەسپێکیان هەبوو کە وێڕای ئاژەڵی شکاکان دەبرانە یایلاق (هاوینەهەوار) yaylaq، یەکێك یا پتر لە یەکێك لە ماڵی خاوەن حەیوان لەگەڵدا دەچوو لەکاتێکدا کە پیاوەکانی تر بۆ کشتوکاڵ لە دێدا دەمانەوە * . جگە لەوە، داهاتێکیش لە تاڵانەوە دەهات : شکاك لەوانەبوون کە ناویان بە خراپترین راوڕووت و تاڵانکەر رۆیشتبوو ( ئێستا بە قاچاغـ- چێتی ) : تەنانەت هێندێك نووسەر ئەوەیان بە یەکەم پیشەی شکاکان داناوە، نەك حەیوان بەخێوکردن . وێدەچێ رووتکردنی کاروانیان ئەوەندەی پەلاماردانی خەڵکی نیشتەجێی دەشت و دۆڵان مەبەست نەبووبێ : ئاسووریی مەسیحی(نەستۆری یا ئەوانەی چوونە سەرمەزهەبی کلیسایەکی ئەورووپایی یا ئەمریکایی) وئازەریی شیعە . تاڵانەکە، بەهەرحاڵ، ئەوە نەبوو هەمووکەس وەكیەك بگرێتەوە، لە راستیدا نیکیتین لای وابووە کە خەڵکی هەژاری دەشتەکان بە رادەیەکی باش جەعفەرئاغایان بەدڵ بووە ( جەعفەرئاغا براگەورەی سمکۆ، کە بەشێکی زۆری بەدناویی شکاکان خەتای ئەو بووە ) چونکە ( ئەسڵی دەقە فەرەنسیەکە : )

" زۆرتر وابوو، دوای ئەوەی دەوڵەمەندێکی تاڵان دەکرد، بەشێکی تاڵانەکەی بەسەر بێچاراندا دەبەشیەوە"** .

شکاك لە زۆرعەشیرەتان پێك دێ کە لە گەورەیی و پلەدا زۆر جیاوازن : من تا بە ٢٥ ناوم لە لیستەکاندا دیوە، کە نۆیان لە زۆربەی ئەو لیستانەدا هەن *** . سێ لەوانە بە عەشیرەتی مەرکەزیی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی باس کراون : ئەڤدۆڤیAvdovi، مامەدی Mamedi( یا مامدۆی Mamdoi )، کاردار Kardar . ئەوانی تر زۆرتر لەلاوە بوون، ئەگەر ئەوعەشیرەتە مەرکەزیانە بە ئاغای مەزن رابەریکرابان ئەمانیش رەگەڵیاندەکەوتن،

---

* Ghilan, ' Les Kurdes persans et l'invasion ottomane', Revue du Monde Musulman, 5 (1908), PP. 7, 10,14.
** Nikitine, Les Kurdes,P. 79.

*** لیستەکان لە: غیلان،Les Kurdes،چەندین شوێن ؛ مشکور ،نظری...،ص ١٩٠ ؛ دهقان، سرزمین ...،ص ٦٠ ؛

Minorsky, ' Shakak', EI ( Enzyklopädie des Islam),1st ed., 4, P. 290 ;

Central Asian Review 7 (1959), P. 179 (after Sovremennity(? - وەرگێڕ)Iran) ;

و تێبینیە مەیدانیەکانی پرۆفیسۆر"ولفگانگ رودۆلف Wolfgang Rudolph " کە بە لوتفی خۆی پێشانیدام .

ئەمینا خۆیان کردەکرد . هەندێکیان لە ژێر باڵیاندا بوون، ئەوەبووە غیلان Ghilan لە باسی نیوچە عەشیرەتی بەهێزی " هەنارە Henareh "دا نووسیویە ( دەقی ئەسڵە فەرەنسیەکە : )

" عەشیرەت ... لە جۆرە ژێردەستەییەکی شکاکاندان، چونکە سەرۆکیان دەبێ لەلایەن ئاغای ئەمەی دواییانەوە قەبووڵ بکرێ ..... ئەوان حەز لە شەڕ ناکەن، بەر لە هەمووشتێ بازرگان و بەخێوکەری ئاژەڵن بەڵام شکاک بۆ ناو شەڕەکانیان رەپێچکیان دەدەن ؛ و لە لایەکی ترەوە، تۆڵەی ئەو عەشیرەتانەیان تووش دەکەن کە زیانیان پێگەیاندوون * " .

کاتێ " بلاو Blau " ساڵی ١٨٥٧ سەری لەوناوە داوە، هەنارە بە عەشیرەتێکی هەر تەواو جیاوازی هاوسێی شکاک دانراون ؛ کەچی لە هەموو ئەم لیستانەی دواییدا بە عەشیرەتێکی شکاک باسکراون بەبێ‌ئەوەی هیچ دیاربێ کە مەرکەزێکی نزمیان بۆ دانرابێ . هەمان شت بەنیسبەت " مامەدی"یەوە کە لە گۆڕانی سەدەدا عەشیرەتێکی رابەری شکاک بوون، لە ١٨٥٧دا عەشیرەتێکی کۆچەری سەربەخۆ بوون** . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە شکاک لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا - سەردەمێك کە زۆر یەکێتی عەشیرەتانی تر لەناودەچوون - بوون بەم یەکێتیەی عەشیرەتانی کە ئێستا هەیە .

هۆیەکی کە شکاک توانیویانە وەها پەرەبستێنن و کە رێی پەیدابوونی ئاغاوەتی بەهێز خۆش بووە، لێرەدا راستەوخۆ بە تۆژینێکی مێژووی ناوچەکە روون دەبێتەوە : شەڕو شۆڕی سەرسنوور . ئیدارەی " سۆمای " بەدەست بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای کوردی سەر بە عوسمانی بووە، ئەوە بووە حکومەتی ئێران شکاکی هان داوە (کە ئەوسا لە خواروتر ژیاون ) بچن ئەو ناوچانە بگرن، ئیتر شکاك لە ١٨٤١ تا ١٨٩٣ ئەو ناوچانەیان گرتوون *** . حکومەتی ئێران، بەناوی پاداش و، دواتر تا قەڵەمڕەویی لە راوڕووتی شکاکان بپارێزی - بەڵام بێ هوودە -، ئاغای شکاکی کردوونە حاکمانی ئەو ناوچانەی سەرسنوور .

لە شکاکان دوو بەرەی سەرەکی هەن (پێیان دەڵێن پساغا/پسئاغا Pisaqa)، یەکیان لە" ئەقدۆقی" و ئەوی تر لە "کاردار"ن . یەکەمیان ئەسڵی‌خۆیان دەبەنەوە سەرئاغاوەتێکی‌کە لە شەڕەکانی "سەلاحەدین"دا بەشداربوون****.

---

* Ghilan, 'Les Kurdes', P. 14.
** O. Blau,' Die Stämme des nordostlichen Kurdistan', Zeitschrift der Deutschen Morgenlädischen Gesellschaft. 12 (1858), P. 593.
*** V. Minorsky, ' Somai ', EI, 1st ed., 4, 2, P. 482 ; Ghilan, ' Les Kurdes,P. 10&13.
**** أ. شریفی، عشایر شکاك و شرح زندگی آنها به رهبری اسماعیل آقا سمکو (سیدیان،مهاباد،١٣٤٨/ ←

ئەم دوو ماڵە هەمیشە رەقابەتیان لەسەر رابەریی تێکڕای یەکێتیەکە هەبووە . زۆرتر وابووە هەریەکەیان تەنیا بەشێکی شکاکی لەژێر دەسەڵاتدا بووە .

بۆ روونکردنەوەی زەمینەی رووداوان، چەند تێبینیەکی کورت دەربارەی هەلومەرجی سیاسیی ئەوناوەی سەر- دەمی سمکۆ پێویستە .

ساڵی ١٩٠٦ ، لەشکری عوسمانی چووە سەر ئازەربایجانی ئێران و بەشێکی گرنگی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو ئوستانەی داگیرکرد ،هەرچەندە کۆنترۆڵی تەواویشی نەبوو بەڵام هەر مایەوە تا ساڵی ١٩١١ لەلایەن رووسانەوە وەدەرنرا . رووسەکان ١٩٠٩ هاتبوونە ئازەربایجان و تەورێزیان گرتبوو ، کە ئەوسا لەگەڵ" رەشت"دا دوا قەڵای مەشرووتەخوازان بوو. هێزی پیادەوکۆزاکیان لە تەورێزو خۆی و دیلمان و ورمێ دانا و هەتا هەڵگیرسانی شەڕی گـەورە توانیان نەزم و قانوون تا رادەیەك بپارێزن . لە ساڵانی شەڕەکەدا، ئازەربایجان لەلایەن - بە ریز -: تورکان(کانوونی دووەم/ ژانویە ی ١٩١٥) و رووسان (١٩١٦-١٩١٧) و دیسان تورکانەوە (١٩١٨) داگیرکرا . لە ١٩١٤دا نەستۆریەکانی هەکاری لە ترسی لەناوبرانیان رایانکرد چوونە ورمێ و سەلماس پەنایان بە رووسان برد . ئەوەبوو زۆریان یارمەتیی رووسانیان دا و، کاتێ رووس چوونە سەر کوردستانی مەرکەزی، ئەمان بوونە رێنوێن و پێشـاهـەنگیان و، زۆرتر وابوو تـۆڵەی تـایبەتی خۆیان لە خەڵکە مسـوڵمانەکە دەکردەوە . نێوانی مەسیحی و مسوڵمانان لە کاتی شەڕەکەدا زۆر خراپ بوو*.

دوای ئاگربەسی ١٩١٨ بریتانیا عیراقی ئێستا جگە لە باکووری رۆژهەڵاتە شاخاویەکەیی بە دەستەوە بوو . کەمالیەکان(تورکی سەربە مستەفاکەمال،ئەتاتورکی داهاتوو) بەزوویی لە سەرتاسەری تورکیادا دەکاردا بوون، مەرکەزی گرنگیان لە "رواندز"( کە ئینگلیس بە هی خۆیان دادەنا) و لە " وان " هەبوو، و دەیانویست کوردان لەدژی ئینگلیس بەسیج بدەن . ئینگلیس هەمان کاریان دەکرد ، زۆر بەڵێنیان دەربارەی دامەزراندنیکوردستا- نێکی سەربەخۆ دا، کە ببوایە بە لەمپەرێك لەنێوان تورکیا و عیراقدا .

---

← ١٩٧٠)،ص ١٠-١١ .

* A, C. Wratislaw, *A Consul in the East* (Blackwoods, Edinburgh and London, 1924), PP.213-214, 229 – 32; W.E.D. Allen and P. Muratoff, *Caucasian Battlefields. A History of the wars on the Turco- Caucasian Border 1818-1921* (Cambridge University Press, 1953) ; کسروی .ا ,تاریخ هیجده ساله آذربایجان (امیر کبیر ,Tehran, 4th impression 1346/1968) ; Joseph, Nestorians .

لەونێوانەدا، حکومەتی ئێرانی دوای شەڕ زۆر بێهێز بوو و بە شەڕی ناوخۆی نوخبەی سیاسی و بە بزووتنەوەی جیابوونەوەخوازەکانی گیلان و ئازەربایجان شڕ ببوو. پەیمانی ئینگلیس و ئێرانی کە حکومەتی تاران ساڵی ١٩١٩ ئیمزای کرد، شەپۆلی نارەزایی گەلی هێنا. ساڵی ١٩٢٠ چینەکانی ناوەندیی تەورێز راپەڕین. چەند شارێکی تری ئازەربایجانیش هەمان رێیان گرت و، ئەوەبوو چەندین مانگ کۆمارێکی سەربەخۆ( ئازادستان ) لەوێ هەبوو*. رەزاخان بوو کە دوای کۆدێتاکەی ١٩٢١ی توانی هەموو ئەولایەنانەی مەرکەزی هێزان ( بەوەی کوردانیشەوە) نەهێڵێ و ئێران یەکبخاتەوە. لە ١٩٢٣دا ئیتر تورکیای کەمالییش لەلایەن دەوڵەتانەوە قەبووڵ-کرا. توانای کوردستانێکی سەربەخۆ وێدەچوو لەدەستچووبێ، یا بەلای کەم بەرەو داهاتوویەکی نادیار یا رەنگە دوور ی پاشەکشە کرد.

لە دەوروبەری گۆڕانی سەدەدا، بەلای کەم سێ ئاغا لەسەر گەورە رابەریی شکاکان رەقابەتیان هەبووە، رەنگە هەرەبەهێزیان عەلیئاغای پساغاکانی ئەڤدۆڤی بووبێ،کوڕەکانی( یا نەوەکانی؟، سەرچاوە لەوەدا جیاوازن) : جەعفەرئاغاو،سمایل ئاغای نازناوی سمکۆ،ناوبانگێکی زۆریان بە شەڕکەری ئازاو شاڵاوبەری دلێر دەرکردووە. ئاغای دووەم عومەر Umar ئاغا بووە، کە رابەری عەشیرەتی مامەدی بووە ( بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە مامی ( یا خاڵی uncle) بەڵام ئەوە زۆر ئاڵۆزە ). سێیەم : مستەفائاغا ( دوایی " سمایل"ی برای جێیگرتەوە) ی پساغاکانی کاردار بووە، کە هەندێ عەشیرەت و نیوچەعەشیرەتی تریشی لەژێردەستدا بوون. ئاغاوەت لەو ساڵانەدا زۆریان گۆڕان. بەشێکی تری پساغاکانی ئەڤدۆڤی بە رابەریی " یوسوف"ی برای عەلی کە لە خوارتر دەژیان، بە دەسەڵات پەیداکردنی عەلی لەسەرحیسابی یوسوف پەرت و بڵاو بوون و زۆریان بەدەستی کارداری رەقیب کوژران. عومەر ئاغای مامەدی ساڵی ١٩٠٢ لەلایەن کاربەدستانی ئێرانەوە و مستەفائاغا لە ١٩٠٦ بەدەست رەقیبە ئەڤدۆڤیەکانی کوژران. هەر لەو سەروبەندەدا، جەعفەرئاغای کە ناونیشانی رەسمیی هەبوون بەڵام بە شاڵاوبردنی بۆ سەر" ورمێ" و" سەلماس"و" خۆی" حکومەتی ئازەربایجانی هەر دەرەنجاند، لەلایەن وەلیعەهدی ئێرانەوە دەعوەتی تەورێز کرا و بە غەدر کوژرا **.

---

* کسروی، تاریخ..؛ Y.P. Benab,‘ Tebriz in perspective: a historical analysis of the current struggle of Iranian peoples, *RIPEH / Review of Iranian Political Economy & History,* 2, 2 (1978),PP.1-42 ;

** بۆ باسی تری ئەو رووداوەی کوشتنی جەعفەرئاغا Ghilan, ‘Les Kurdes’, PP. 7-9, 14 ;

بڕوانە شریفی، عشایر..، ص ١٢ Nikitine, Les Kurdes, P. 79; Wratislaw, Consul, PP,207-9 ;

ڕەنگە، ئەم لە ئارادا نەمانەی زۆربەی ئاغاوەتی بەئەزموون بوو بێ وای کردبێ کە سمکۆ بتوانێ وا بەخێرایی سەرکەوێ . بەهەرحاڵ، ئەو سیاسیەکی زیرەك بوو، هەلی دەقۆستەوە و دەیزانی خۆی لەگەڵ کێ ڕێکبخا وکەی، هەر بەمێرمنداڵی لەگەڵ جەعفەرئاغای برایدا دەرچووەو لە سەرتاسەری دەکاردابوونی خۆیشیدا پەلاماروهێرش-بردنی هەر درێژە پێ داوە، بەوە زۆر پیاوی زبری کێشاوەنە ڕیزی دەستوپێوەندانیەوە . لە شۆڕشی مەشرووتەدا، سمکۆ کەوتە دوژمنایەتیی مەشرووتەخوازان (ئازەریی خەڵکی شار) و، بەبێ ئەوە کەس لێی گێرابێتەوە، بە ٣٠٠ سوارەوە بۆ شەڕی " ئەنجومەن "ی " خۆی " ڕەگەڵ هێزی " اقبال السلطنه "ی حاکمی ماکۆ کەوت . سمکۆ لە پاداشی ئەوەدا کرا بە بەخشدار(مدیرناحیه)ی بەخشی(ناحیەی) قۆتور . وێڕای ئەوە کە هێرش و پەلاماریشی درێژەی هەبوو، حکومەتی مەرکەزی دامەزراندنی سەر ئەو وەزیفەیەی هەر سەلماند * .

نـە تورك و نـە ڕووس، هیچ کامیان بەر لە شەڕی گەورە نەهاتنە مەڵبەندی شکاکەوە، پێوەندیی سمکۆ بە هەر - تکیانەوە زۆرتر هەرناڕاستەوخۆ بوو . دەبێ پێش ١٩١٣ هاوکاریی لەگەڵ ئازەریەکانی سەر بە عوسمانی و دژی ڕووسی کردبێ، بەڵام لە ١٩١٣دا یەکێك لەو ئازەریانەی کە پەنای پێبردبوو تەسلیمی ڕووسان کرد، بە تەمای ئەوەی بەوە دۆستایەتییان وەدەستبهێنێ**، وادیارە لەوەدا سەرکەوتوو بووە چونکە زەلامێکی ڕووس هەرلەو ساڵەدا ئاگای لەوەبووە دوو ئاغای کە جاران لەگەڵ سمایل ئاغای پساغاکانی کاردار(ڕەقیبی سەرەکیی سمکۆ)دا بوون، بە تەوژمی ڕووسان، سوێندی وەفاداری و پێبەندییان بۆ سمکۆ خواردووە *** . ئەوسا سمکۆ پێوەندیی

---

*Ghilan, Les Kurdes, PP. 7, 9n ; م. آغاسی،تاریخ خوی ( دانشکده أدبیات، تبریز، ١٩٧١/ ١٣٥٠)،ص٣١٢-٣

هۆیەکی کە سمکۆ لەبەرئەوە لەخۆیەوە هێرشی کردبێتە سەر مەشرووتەخوازان دەکرێ ئەوەبێ کە ئەوانەی دوایی هاتنی ١٩٠٦ی هێزی تورك - ی کە زۆر کوردی تێدا بەشداربوون -یان ڕاستەوخۆ بە هێرشی بۆ سەرخۆیان و پشتگیریکردن لە شا دانابێ . عاتیفەی دژی کورد ورووژاوە،و ئاشووب لەدژی کەسانێکی مەزهەبی سوننی لەکاردا بووە . R.Cottam, Nationalism in Iran ( University of Pittsburgh Press, 1964) PP. 68-9. PP

** کسروی، تاریخ..،ص ٤٥٤- ٤٥٥ .

*** ئەوانە تەیموورجەنگJang و محەمەد ئاغای دێی سۆمای بوون . بڕوانە :

L.W.Adamec(comp.), Historical Gazetteer of Iran , Part 1. Tehran and Northwestern Iran (Akademische Druck und Verlaganstalt, Graz,1976), entry 'Somay', quoting Voyenni Sbornik .

رێكوپێكی بە كۆڕوكۆمەڵە نەتەوەییەكانی كوردەوە هەبووە . ئەو مەبەستی نەتەوەیی و شەخسیی هەرتك وێكڕا هەبوون و ناكرێ لێك جیابكرێنەوە . سمكۆ خوشكێكی " سەیدتاها "ی نەوەو جێگرەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای هێنابوو*، ئەمە ژنهێنانی بەكەڵك بوو چونكە سەید دەستڕۆیشتووترین پیاوی ئەم دیو ئەودیوی سنوور بوو، وێڕای ئەوەی كە نەتەوەییەكی گەورەش بوو . ئەوەبوو سمكۆ و سەیدتاها لە دە ساڵی داهاتوودا كاریان زۆر وێكڕا كرد. كەسێكی تری كە سمكۆ پێوەندیی پێوە هەبوو: عەبدول رەزاق بەدرخانی ماڵی نەتەوەیی بەناوبانگی نەسلی میرانی بۆتان بوو . سەیدتاها و عەبدول رەزاق و جەعفەرئاغای برای سمكۆ پێشووتر بۆ رووسیا دەعوەت كرابوون و،لەوێوە بە " دیاریی سەخاوەتمەندانە و پەیامی دڵگەرمكەرەوەی كە خەیاڵ و ئارەزووی گەشاندنەوە " گەڕانەوە**. عەبدول رەزاق لە ١٩١٢دا دەستی‌كرد بە دەركردنی مانگنامەیەكی‌كوردی لە ورمێ . دوای ماوە-یەك بەهەرحاڵ، رووس " عەبدول رەزاق "یان لە ورمێ دوورخستەوە ( نەفی/ تەبعیدكرد ) و، بە قسەی یەك مێژووناس، سمكۆ بوو دوای ئەوە بەرپرسیاریی دەركردنی مانگنامەكەی گرتە ئەستۆی خۆی تا لە ١٩١٤دا دەرچوونی وێستا ***.

لە كاتی شەڕی گەورەدا، سمكۆ خۆی لە شەڕی تەواو بەدووورگرت؛ لەكاتێكدا كە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەكانی سنووردا بەرینكرد، هەوڵی دەدا هیچ دەرگایەك لە خۆی دانەخا. رووسەكان جارێك گرتیان و بردیان لە تفلیس

---

* شریفی،عشایر...،ص ١٧.

** Eagleton, Republic,P. 7 .

*** ج . خزنەدار، روزنامەنگاری در كردستان، وەرگێڕانی ( لە كوردیەوە) لەلایەن أ. شریفی ( چاپی تایبەتی ، مهاباد،١٩٧٨/١٣٥٧) ص٥ . ئەوە تاقە كارێكی چاپ وبڵاوكردنەوەی كوردیی سمكۆ نەبوو،دواتر لەم بوارەدا لە ١٩٢١ رۆژنامەیەكی نەتەوەیی كوردی بە دوو زمان لە ورمێ دەردەكرد ، كە ناوی " Kurd dar sāl-i 1340 كُرد درسال ١٣٤٠"و مەلا محەمەدی تورجانی Tarjanyی مهاباد سەرنووسەری بوو،بڕ- م . تمدّن،تاریخ رضائیه ( اسلامیه،تهران، ١٩٧١/١٣٥٠) ص٣٧١،كە أ. شریفی لە" شورشهای كردان مكری در دوران سلطنت دودمان پهلوی ( شفق،تبریز، ١٩٧٨/١٣٥٧)، ص ٦ " دا ئاماژەی پێكردووە .

ئۆریەنتە مۆدێرنۆ باسی رۆژنامەیەك دەكا : " Il Kurdistan indipendente = كوردستانی سەربەخۆ " كە لە ساوج بولاغ Souj Bulagh دەركراوە، رەنگە هەمان رۆژنامە بێ(Oriente Moderno,1,9(15 February 1922.

حەپسیانکرد، پێیانوابوو لە ڕێی زۆرەوە پتر وەدەست دێنن تاوەکو لە ڕێی خۆشییەوە، دوای ئەوە ڕێیان دا بگەڕێتەوە ئازەربایجان بەومەرجەی لە شاری "خۆی" بژی وهەر "وەفادار" بێ*. کاتێ هێزی "جەنەراڵ باراتۆف"ی رووس دوای شۆڕشی ئوکتۆبر لە کوردستانیمەرکەزی کێشرایەوە، سمکۆ توانی زۆر چەکیان لێ بگرێ کە تۆپی مەیدانیشیان تێدابوون. چەك لە بەشەکانیتریکوردستانیشەوە داڕژایە لای سمکۆ، کە ئەوسا ئیتر ناوبانگی بە رابەرێکی نەتەوەیی زۆر رۆیشتبوو. ئەم چەکانە یا ئەوەبوون رووسەکان بەجێیانهێشتبوون یاهی ئەومیلیشیا کوردانە بوون کە شەڕیان بۆ تورکان کردبوو.

بەهەرحاڵ، هەر سمکۆ نەبوو کە خۆی چەکدارده‌کرد. ئاسووریە نەستۆریەکانیش(خەڵکی ئەوناوە، بەڵام بەتایبەتی ئەوانەی لەهەکاریەوە پەنایان هێنابوو، کە جەنگاوەرتر بوون) زۆر چاك چەکداربوون و بە رەگەڵکەوتنی ئەرمەنیی بەهەمان شێوە چەکداری ئەنادۆڵیش هێزیان زیادبوو. رووسەکان کە دەڕۆیشتنەوە و چیدی نەیاندەتوانی پارێزگارییان لێبکەن، زۆر چەکیان جێهێشت و هانیان دان خۆیان بەشێوەی رێکوپێکی شەڕکەری رێكبخەن. بە قسەی ئەرفەع**، دەستەیەکی ناردراوی سوپای فەرەنسا چەکیشی بۆئاسووریەکان هێناوە تا بەرگرییخۆیانی پێ لە تورکان بکەن. ئاسووریەکان ئارەزووی وەك ئەوەی سمکۆیان هەبوون: دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە "ورمێ" و "سەلماس". خەڵکە مسوڵمانەکەی ئەوناوە (ئازەری لە دەشت و کورد لە چیا) ئەوەندە بەوە شاد نەبوون و تەنانەت لەوانیش پێ ناشادتر حکومەتی ئێران بوو. قاتی و تاڵان و بڕۆی لەیەکتر، کە وەنەبێ ئەو رووسانەی دەڕۆیشتن دەستیان کەم تێدا بووبێ، بووە هۆی ناتەبایییەکی زۆر لەنێوان مەسیحی و مسوڵماناندا. بەوە کە مەسیحیەکان باشتر چەکداربوون، زۆرتر ئازەری و کوردی ناعەشیرەت بوون کە رەنجیان دیت. لە هەراوهەنگامەیەکی (شوبات/ فیوریەی ١٩١٨) لە ورمێ روویدا، مەسیحی بردیانەوەو تێکرای شارەکەیان گرتە دەستی خۆیانەوە. حکومەتی ئێران توانای ئەوەی نەبوو نەزم بگێڕێتەوە. حاکمی تەورێز "مُختی شَمس" رووی لە سمکۆ نا. بە فیتی ئەو، سمکۆ لە رابەری دینی و دنیایی نەستۆریان "مارشیمون"ی گێڕایەوە لە بارەی پەیمان و هاوکاریەوە بدوێن و، ئەوەبوو کە بەغەدر کوشتی (مارتی ١٩١٨)***.

---

* کسروی، تاریخ..،ص ٨٢٩ ؛ آغاسی،تاریخ ..، ص ٣٥٢-٣٥٣؛ شریفی، عشایر..، ص ١٨-١٩.

** H. Arfa, Under Five Shahs (Murray, London,1964),P. 122.

***کسروی، تاریخ..،ص ٧٣٤-٧٥٠، ٨٢٩ ؛ Arfa, Kurds,PP.50&54; Joseph,Nestorians, PP.138-44 ؛ ←

پیاوەکانی سمکۆ، بەهەرحاڵ، خۆیان دە ئەوشەڕە نەگەیاند کە دوای ئەوە لەنێوان لەشکرە هێرشبەرەکانی تورك و ئەرمەنی و نەستۆریاندا روویدا، ئینگلیس ئەوسا هەوڵیان دەدا ئەوئەرمەنی و نەستۆریانە لە هێزێکدا بتوێننەوە کە بتوانێ پێش بە هێرشی تورك بگرێ. تەنیا کاتێك زۆربەی نەستۆریەکان - کە دوای مەرگی رابەرەکەیان رابەرایەتیەکی بەهێزیان نەبوو- ورەیان لەدەست دا و لە ورمێ رایانکرد، ئەوسا پیاوەکانی سمکۆ بۆ راونانیان رەگەڵ عەسکەری تورك کەوتن، ئەوەبوو زۆریان لێ کوشتن ( حوزەیران/ ژوئەن یا تەمووز/ ژووئیەی ١٩١٨ ). عەسکەری تورك و دەستەی غەیرە نیزامییکوردان (هەندێك دەڵێن گوایا لەلایەن سمکۆ و سەیدتاهاوە ناردراون) چوونە شارەوەو چیی مابۆوە تالانیان کرد* .

ئاگریەس، بوونی تورکیای لە ئازەربایجاندا کۆتایی پێ هێنا،وحکومەتێکی بەهێزیش نەمابوو. حکومەتیئێران حاکمی نوێی لە تەورێز و ورمێ دانان، بەلام ئەمان نەیانتوانی جڵەوی باری ئازەربایجانی غەربی بگرنە دەست - خۆیانەوە . تاقە دەسەلاتێکی بە مەرکەزی هێزێکی زۆرەوە سمکۆ بوو، کە دەستوپێوەندە چەکدارە تایبەتیەکەی بە رەگەڵکەوتنی سەدان عەسکەری عوسمانییش بەهێزتربیوو، ئەو عەسکەرانە یا هەر ئەوەبوو کە لە عەسکەری- کردن رایانکردبوو یان خەڵکێك بوون کە نەتەوایەتی هانیدابوون رەگەڵ سمکۆ بکەون، هەشبوون شەڕکەری بەپارە بوون، پارەی زۆری لێرە دەدرا (!) هێنابوونی و ئەوەش کە سمکۆ ژنـ(هاوسەر)ی دەدانێ . بەو تۆپانە ( ی هێندێکیان لە رووسان سەندرابوون) و بە تفەنگی ریز، دەریانخست کە ئەوان ئەوەنەبوون عەسکەری بەدمەشقی حکومەت لە ئازەربایجان لەگەڵیاندەرکەن .

حکومەت سەردەمێك هیچی بۆ لەگەڵ سمکۆدا نەکرا، کە بە جەسووریی لە هەمیشە پتر پەلاماردانی دەشتەکانی درێژە پێ دەدا . حاکمی ورمێ" سەرداری فاتیح" بۆ سەردانی سمکۆ چووە بارەگاکەی لە" چەهریق" ( باشووری رۆژئاوای دیلمان) و هەوڵیدا بە رێی ئاشتیانە بیسازێنێ، بەلام وادیارە سمکۆ ئەوە بە بەڵگەیەکی تری بێهێزیی حکومەت تێگەیشتووە و ،تەنانەت ناوچەکانیکە" پێشکەشی"ی بۆ ئەرکیلەشکرەکەی لێدەستاندن بەرینتریش کرد ( ئێرانی ئەوەیان بە" رووتاندنەوە " دادەنا و ئەو بە " باج" ی دادەنا). ماوەیەك دوای ئەوە، حاکمی تەورێز " موکەررەمول مولك" پەنای بە عیلمی سەنعەتی نوێ برد و بۆ مبایەکی بۆ نارد کە وەك قوتووە نوقڵ دروست -

---

← آغاسی،تاریخ ...، ص ٣٨٤-٣٨٨؛

F.G.Coan,Yesterdays in Persia and Kurdistan (Saunders,Claremont,Col.,1939),PP.264-70

* ibid, PP. 270-2.

کرابوو، ئەوەبوو برایەکی بچووکی سمکۆ و چەندین لە پیاوەکانی کوشت، بەڵام ئەزیەتی بە خودی ئەوکەسەی کە مەبەست بوو نەگەیاند *.

* کسروی، تاریخ..،ص ٨٣٠-٨٣٢ ؛ شریفی، عشایر..،ص ١٩- ٢٠، ٣٠-٣٦ ؛ م. بامداد Mambad،شرح حال رجال ایران ( زوار، تهران،١٣٤٧/١٩٦٨) جلد اول،ص ١٣٦ ؛ Jwaideh, ‘ Nationalist Movement’, PP, 401-2 .

## یاخیبوونی سمکۆ لە حکومەتی مەرکەزی

لەونێوانەدا، سمکۆ سەرگەرمی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ دامەزراندنی سەربەخۆیی . لە شوباتی ١٩١٩دا کۆبوونەوەی ئاغا هەرە گرنگەکانی کوردستانی ئێران کرا، کە پێشنیاری یاخیبوونێکی گشتیی لە حکومەتی ئێران تێدا باسکرا . ئەوەبوو بڕیاردرا جاڕی ڕاپەڕینەکە دوابخەن تا لێیان ڕوون دەبێتەوە هەڵوێستی هێزەکان بە چی دەگا*. سەید تاها، کە لەگەڵ سمکۆدا بوو و بەگەرمی هاوکاریی دەکرد ( بەهەرحاڵ بێئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیشی لەبیر چووبێتەوە ) لە مایسی ١٩٦٩دا سەری لە بەغدا دا تاکو پشتگیریی ئینگلیسان لە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابین بکا . سمکۆ خۆی بە نامەیەك هەمان داوای لە نوێنەری ئیدارەی ئینگلیس ( ویلسن) کرد . هیچ کامێکیان هیچ بەڵێنێکی ئاشکرایان وەرنەگرت . بەگوێرەی سەرچاوەی ئەرمەنیان **، سمکۆ و سەیدتاها لە هەمان کاتدا پێوەندییان لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکان لە " وان " هەبووە، کە ( ئەو تورکانە ) ویستوویانە بۆ ڕێگرتن لە گێڕانەوەی پێشنیارکراوی ئەرمەنیان بۆ ئەنادۆلی ڕۆژهەڵات ئەوان بەکاربهێنن و بۆ ئەوە بەڵێنی یارمەتیان داونێ . ئەم دوو ئاغاکوردە لە ساڵانی بەدواداش پێوەندییان لەگەڵ هەرتك‌لا ،ئینگلیس و نەتەوەییە تورکەکاندا هەر هەبوو .

سمکۆ،بە بێ ئەوەی چاوەڕێی ئاغاکانیتر بکا کە ڕاپەڕینیگشتی بەرپابکەن، شاری"دیلمان"ی گرت، "خۆی"ی تاڵان کرد، " ورمێ "ی ئابڵۆقە دا، کوشتاری لە بەشێکی خەڵکی( ئازەریی) ناوچەی " لاکستان " ( باکووری ڕۆژئاوای دیلمان) کرد کە حوکمی ئەویان قەبووڵ نەبوو و نەیاندەویست باج بدەن . ئەوانەش کە ڕایانکرد، تا بە " شەرەفخانە"ی سەر ڕۆخی باکووری دەریاچەی ورمێ دەگا ڕاونران . ئیتر تەواوی پایزی ١٩١٩ کوردەکانی

---

* Précis of Affairs in Southern Kurdistan during the Great War (Government Press, Baghdad, 1919), P. 14; Jwaideh, 'Nationalist Movement', P. 403.

** لە ئەسنادی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس : FO 371/1919 : No. 58/89585/512 .

بۆ نکوڵیکردنی دواتری سمکۆ لەوە( لە نامەیەکیدا بۆ کۆنسولی گشتیی ئینگلیس لە تەورێز) لێرەدا :

FO 371/1919 : W 34/88614/7972.

بۆ قاوداکەوتنی ئەوە کە نەستۆریەکان بگێڕدرێنەوە زێدی خۆیان و تەفسیرەکانی ئەوە بشڕوانە :

Jwaideh, 'Nationalist Movement', P. 413- 15. .

سمکۆ ئەو ناوچانەی باکووری دەریاچەیان بەدەستەوەبوو*. بەهەرحاڵ، تەوریز حاکمێکی نوێی هەبوو: ئینتیسار (انتصار)، کە هەرچی هێزی بۆی کۆکرابوو (جەندرمە، کۆزاك، سوارەی نیزامیی ئازەری) بە شێوەیەکی بە-تەشسیر بەسیج و هاوئاهەنگ کرد . ئەم هێزە بە فەرماندەیی" فیلیپۆف"، کە ئەفسەرێکی رووس بوو و تا هەر ئەوکاتە لە تارانەوە گەیشتبوو، توانی کوردەکانی سمکۆ وەگێڕێتە دواوەو زیانی زۆریان لێ بدا . سمکۆ ناچارکرا پەنا بە بارەگای چیای بەرێ لە"چەهریق"، زۆرکەسی لە ریزیدا(لەوانە چەندین عەسکەری پێشووی عوسمانییش) لێی تەکینەوە . فیلیپۆف و ئینتیسار لەجیاتی ئەوەی پاش ئەم یەکەم سەرکەوتنەیان بکەونە سەری وناچاری بکەن بەبێ قەیدوشەرت خۆی تەسلیم بکا ،بەهەرحاڵ،لەبەرهۆی کە روون نین**،لەگەڵیدا کەوتنەگفتوگۆ. لەنەتیجەی گفتوگۆدا، سمکۆ بەڵێنی دا تاڵانەکەی لاکستان بداتەوە، عەسکەری تورکی لا نەمێنن، و هەموو چەکەکانی تەسلیمی دەوڵەت بکا .

هیچ بەڵێنێك لەوانە بەتەواوی بەجێنەهێنرا، و تێکڕای ئەم کەین وبەینە لەدواییدا هەر مەرکەزی سمکۆی لەناو کورداندا پێ بەهێزبوو: وادیاربوو دەیتوانی لەدژی دەوڵەت رەفتاربکا بەبێ ئەوەی سزا بیگرێتەوە . لە ماوەی ١٩٢٠دا دەستی بەسەر دەشتەکانی ورمێ و سەلماس و بەشی باشووری ناوچەی " خۆی"دا گرتەوە . لە ورمێ بەدڵی خۆی حاکمی دادەنا، لەپێشدا ئەرشەدولمولك((أرشد المُلك)ی کرد بە حاکم کە خەڵکێ ئەوێ بوو، دواتر تەیموورئاغای دانا کە ئاغایەکی خەڵکی" کۆنەشار Kuhnehshahr"بوو. پیاوەکانی لە ناوچەیەکی زۆر بەریندا کەوتنە پەلامار، زۆرتر بۆ وەدەستخستنی چەکی گەرم و ئەرکی کارە مەزنەکانی داهاتووی . رۆژێکیان،هەزاران کەسی خەڵکی"ورمێ"یان گرت کە لەهەموو پیشەو مەرکەزو مەقامێکیان تێدابوو و بردیانە باخچەیەکی نزیکی شار، بۆ بەردانیان چلهەزار تفەنگ و ئەوەندەش لیرەی زێڕیان لێ داوا کردن***. دێیەکانیش بە هەمان شێوە

---

* کسروی، تاریخ..،ص ٨٣٩-٨٤١، ٨٥١-٨٥٢ ؛ Arfa,*Kurds*,P.57.

** بڕوانە روونکردنەوەی زۆر لە قەناعەت پێکردن بەدووری " کسروی " ( سیاسەتی کۆن وگەندەڵ لەلایەن حاکمی ئازەربایجانەوە " عَین الدوله")، تاریخ ..،ص٨٥٤ و دوای ئەوە؛ هەمان شت لای آغاسی(کە سەرەك-وەزیران "وثوق الدوله" دەگرێتەوە)، تاریخ..،ص٤٤٠-٤٤٤ ؛ و بۆچوونی " تەوژمی ئینگلیس"ی لە لایەن " شریفی"یەوە، عشایر..،ص ٤٧-٤٨ .

*** دهقان، سرزمین..، ص ٥٧٤-٥٧٦.

باجیان بۆ دیارکرابوو. هێزی جەندرمە لە تەورێزەوە ناردرا ناوچەکە ئارام بکاتەوە، لەلایەن کوردانەوە شکێنرا و تا پشت شەرەفخانە هەڵچنرا(مارتی١٩٢١) . سمکۆ دیسان پیشانی دایەوە کە هەرەبەهێز ئەوە و بەوە زۆرکەسی نوێی راکێشا لای خۆیەوە .

سـەرکەوتنی تر بەسەر هێزەکانی حکومەتدا لەوساڵەدا بوونە هۆی پتربوونی ژمارەی هێزی سمکۆ . لە مارتی ١٩٢١دا هێزی هەر بە هەزار سوار و ٥٠٠ پیادە، بە ئاڵای تورکەوە، باسکراوە . لـە شـاڵاوێکی هـاویندا بەمەزەندە بە ٤٠٠٠ پیاو و لە پایزی ١٩٢١دا بە ٧٠٠٠کەس دانراوە، کەچی دەڵێن دوا هێرشـی گـەورەی،لە ١٩٢٢دا، دە هەزار کەسی تێدابووە *. ئەم ژمارانە هەموو بەمەزەندە و گۆترەکارین و دواییینەکەیانی لێدەرچێ ئەوانی تر دەکرێ تـەنیا بەشێکی ئەو هێزە بووبن کە سـەکۆ توانیویە بەسیجی بدا . بەهەرحاڵ، زیادبوونەکە ئاشکرایە . دەسەڵاتی سمکۆ تادەهات لەلایەن ژمارەی پتری عەشیرەتانەوە دەسەلێنرا .

کۆمیتەی سەرانی‌کورد لە سەرەتای ١٩٢٢دا چەندین جار بە سەرۆکایەتییی‌سمکۆ کۆببۆوە،کە نەك هەرئاغاوەتی چەند لە عەشیرەتە هەرە گەورەکانی ئازەربایجان ( هەرکی،بەگزادە، حەیدەرانلی، شکاك)یان تێدا بەشداربوون، بەڵکو ئاغاوەتی یەکێتیعەشیرەتانی" ئەرتووشی" و عەشیرەتانی تری"هەکاری" شیان تێدا ئامادەبوون . دەڵێن سمکۆ لە ١٩٢١دا " ئـەحمەد خـان " ێکی بە گەورەئاغای هەرکی داناوە،و ئەمە لەلایەن ئەو عەشیرەتە بەهێزەوە بەگشتی قەبووڵکراوە ** .

لە ناوەڕاستی ١٩٢١دا، وڵاتی ژێردەسەڵاتی سمکۆ تێکرای رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ ی لە قەڵەمڕەویی ئێران دەگرتەوە و لەوێوە بە باشوور تا بە بانەو سەردەشت دەگات لەگەڵ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای عیراقیشدا کە ئینگلیس و کەمالیەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی جـارێ هـەر لە رەقابەتدابوون . جگە لە هەموو یەکێتی عەشیرەتانی شکاك و عەشیرەتی"هەرکی"یش، مامەش، مەنگوڕ، دێبۆکری، پیران، زەرزا، گەورك، فەیزوڵلا- بەگی، پژدەر،و عەشیرەتە بچووکەکانی دەوری" بانە"شی رەگەڵکەوتن***. لە ئوکتۆبری ١٩٢١دا،هێزی سمکۆ

---

* ئەو ژمارانەی بەمەزەندە لە - بە ریز- :

FO 371/1921: E 6185/100/93
Arfa, *Kurds*. P. 58 ;
FO 371/1921: E 13470/100/93 ;
Arfa, *Shahs*, P. 136 .

** FO 371/1920: E 15670/11/44; 1921: E 13470/100/93.

*** Arfa, *Kurds*. P. 59.

چووە " سابلاغ Souj Bulagh "( مهاباد Mahabad ) ـەوە کە تا ئەوسا بەدەست عەسکەری حکومەتەوە ببوو . ٢٠٠ کەس لە مەرکەزی ژاندارمەریەکەی کوژران و ١٥٠یان بریندارکران . رەنگە وێنەیەکی روونکرنەوەی مەبەست وهەڵوێستی زۆر لە پیاوەکانی سمکۆ ئەوەبێ کە کاتێ سابلاغیان گرت،هەرچەندە دانیشتوانی لەوانەی ورمێ و دیلمان جیابوون و بە شێوەیەکی سەرەکی کورد بوون، هەر تالانیان کرد .

کوردی نەتەوەیی تر دواتر لەسەر ئەوتالانە بەتوندی سمکۆیان سەرزەنشتکردووە . چاندنی تۆوی ناتەبایی لەناو کورداندا و بەوە قازانج گەیاندن بە دوژمنانی لەبەرچی ؟ . لەبەرامبەر ئەو جۆرە تاوانبارکردنانەی مەزنێکی سلێمانیدا ، سمکۆ گوتوویە کە : یەکەم شت ئەوەبووە کە ژاندارم ناچاریان کردووە شەڕ بخاتە ناو شارەوە، ئینجا دوای ئەوە جڵەوی پیاوەکانی پێنەگیراوەتەوە کە خوویان بەوەگرتووە لەگەڵ شەڕدا تالانیش بکەن؛ یەکەودوا ،ئەو گومانی هەبووە لە هەڵوێستی عەشیرەتی دێبۆکری و مەنگوڕی کە رێك لە دەوروبەری سابلاغ ژیاون لەبەرامبەر شەخسی خۆیدا *.

سابلاغ، دیارە بوو بە پایتەخت . بەهەرحاڵ، سمکۆ خۆی لە شاردا نەمایەوەو ئاغایەکی دڵسۆز، " هەمزەئاغای مامەش "ی کرد بە حاکم . شارە ئازەریەکانی میاندواوMianduab و مەراغە و بناوBjnab نامەی چوونە ژێر-فەرمانیان بۆ سابلاغ نارد** .

سەرکەوتنی تری عەسکەریی ئەو ساڵە بەسەر هێزەکانی حکومەتدا ، مەرکەزی سمکۆی لەناو کورداندا پتەرکرد و ژمارەی ئەوانەی رەگەڵیدابوون بەرەژوور چوو . ئەوەبوو لە تەمووزی ١٩٢٢دا قەڵەمڕەویەکەی بە ئەوپەڕی گەورەبوونی گەیشت : لە رۆژهەڵات و باشوورەوە تا بە سائینقەڵاSain Qale( شاهین دژShahin Dezh) و سەقز گەیشت . جگەلەوە، سمکۆ بەردەوام نامەو پێوەندیی لەگەڵ عەشیرەتانی تردا هەبوو : لە مەریوان و هەورامان و تەنانەت لای عەشیرەتانی باشووری تا بە لوڕستان دەگا قسەی دەڕۆیشت . بڕیاربوو ئەوانیش بۆ پشتگیریی راپەرینەکەی راپەڕن ***. هەروەها زۆر ئاغای کوردی تورکیاو عیراق نێوانی دۆستانەیان لەگەڵدا بەستبوو . هیچ جۆرە نەخشەیەك بۆ کاری وێکڕایی لە ئارادا نەبوو، بەڵام هەبوونی نێوان لەگەڵ کەسێکی وەك سمکۆی کە ئەستێرەی لە بەرزبوونەوەدا بوو قەت نەدەکرا زیانی هەبێ . قاو داکەوت کە حکومەتی ئێران ئۆتۆنۆمی

* FO 371/1922 : E 2402/96/65.
** FO 371/1921 : E 13470/100/93.
*** FO 371/1922 : E 8437/6/34 ; A.J. Toynbee, *Survey of International Affairs 1925, part 1, The Islamic World since the Peace Settlement*, ( Oxford University Press, 1927) P. 539 ; Jwaideh, ' Nationalist Movement', P. 410.

دەدا بە کوردان چونکە بە زۆر پێیان ناوێرێ *.

ئەو قسەیە، بەهەرحاڵ، دەرکەوت کە بێ بناغە بوو . لە کۆدێتای شوبات/ فیوریەی ١٩٢١ـەوە رەزاخان هەموو توانای خۆی بۆ دروستکردنی لەشکرێکی میللیی نوێی بە زیپکوزاکوون و یەکگرتوو تەرخان کرد . ئـەوەبوو کۆششی بە زوویی بەریگرت . بە درێژایی ساڵی ١٩٢١ و تەنانەت لە سەرەتای ١٩٢٢شدا سمکۆ توانیبووی هێزی جۆراوجۆر(غەیرەنیزامی، کۆزاك، ژاندارمەری)ی‌کە ناردرابوونە سەری لەسەریەك‌لەسەریەك بشکێنێ و زۆر لە چەکەکانیان بگرێ . بەهەرحاڵ، لە ئابی ١٩٢٢دا شالاوێکی چاك هاوئاهەنگ‌کراو لەلایەن لەشکری تازەسازدراوەوە پشتی‌شکاند **. ئیتر ئەوانەی لەگەڵیدابوون بلاوەیان لێ‌کردودەستەیەکی‌کەمی پیاوی وەفادار نەبێ کەسی بەدەورەوە نەمایەوە . ناچار رایکردە تورکیا(هەرێمی باکووری‌کوردستان- وەرگێڕ) و لەوێوە چووە عیراق(هەرێمی باشووری کوردستان - وەرگێڕ) . کە گەیشتە عیراق، ئەدمۆندز دیتی و لەگەڵیدا دوا، دیتی کە سمکۆ بەتایبەتی لە تورك و لە ئینگلیسان داخدار بوو . تورك، هەمیشە بەڵێنی یارمەتیان دابووێ، بەلام وا ئەوانیش رووی لەشکرەکانیان کردە ئەو . ئینگلیس ،وێڕای بەکەڵك‌بوونیشی بۆ ئەوان، کەچی وا سەلبیانە لێ‌گەڕان بشکێنرێ***.

سمکۆ ئەوە نەبوو وەك پەنابەرێك لە عیراق دەست بەرداتەوەو دانیشێ،دەستبەجێ کەوتەکار،هەوڵی دا پێوەندیە کۆنەکانی پتەوبکاو هی نوێ لەگەڵ ئاغا کوردەکانی ئەوێدا دامەزرێنێ،بۆ خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران (هەرێمی رۆژهەلاتی کوردستان- وەرگێڕ) . رووی کردە هاوپەیمانە کۆنەکەی، سەیدتاها ( کە ئێستا ئینگلیس بۆ وەدەرنانی‌تورکان لە رواندز بەکاریان دەهێناو چیدی حەزی لە سەرەڕۆیی تر لە ئێراندا نەبوو)،و شێخ مەحموود ی سلێمانی‌یش ( دەستڕۆیشتووترین رابەری نەتەوەیی کوردی کوردستانی باشووری کە ئەویش بەهەمان شێوە دڵی کەم لای گیروگرفتەکانی سمکۆ بوو) و زۆر کەسی تر . تەنانەت لەگەڵ پەنابەرە ئاسووریەکانیشدا خەریك

---

* Toynbee, Survey, PP. 538-9.

** شالاوە عەسکەریەکانی ١٩٢١و١٩٢٢ لێرەدا بە دوورو درێژی باس‌کراون :

Arfa, *Shahs*,PP. 118-41 ; id., *Kurds*.PP. 58-63 ;

دهقان، سرزمین...، ص ٥٨٥- ٥٩٤ ؛

راپۆرتی وابستەی عەسکەریی بریتانی لە تاران - لێرەدا : FO 371/1922 : E 12242/1076/34 .

*** C.J. Edmonds, *Kurds,Turks, and Arabs*. Politics, Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919-1925 (Oxford University Press,19570 PP. 305-7.

بوو کە دڵیان بهێنێتەوە جێ، کە ئەوانە لەلایەن ئینگلیسانەوە هێنرابوونە عیراق و بیریان هەرلای گەرانەوە بوو بۆ ورمێ و سەلماس. دەچووە هەرکوێ ریزی پیشاندەدرا بەڵام کەس ئامادە نەبوو یارمەتیی بدا. لە ١٩٢٣دا چووە تورکیا بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوێ، بەڵام ئەویش هەر بێفایدە بوو. لە ١٩٢٤دا رەزاخان بەخشی و گەرایەوە ئێران. لە ١٩٢٦دا دوا هەوڵی بێهوودەی دا بۆ وەدەست خستنەوەی سەربەخۆیی راستەقینەی کە جارێك هەیبوو. شاری"دیلمان"ی ئابلۆقە دا، کە لەوەدا لەلایەن بەشانێك لە عەشیرەتی هەرکی و بەگزادەوە یارمەتیدرا. دیسان ناچار رایکرد چووە عیراق. لە ١٩٢٩دا حکومەتی ئێران دیسان لێیگێرایەوە کە بگەرێتەوەو کردی بە حاکمی شنۆ. چەند رۆژێك دوای گەیشتنی، لە بۆسەیەکدا کوژرا کە هەمان حکومەت بۆی نابۆوە *.

---

* دەربارەی دوا ساڵانی سمکۆ، بڕوانە: Jwaideh, ' Nationalist Movement' PP. 410-13 ; Arfa, *Kurds*. P. 63.

دەربارەی کوشتنی: A.M. Hamilton, *Road Through Kurdistan* (Faber and Faber, London,1937),PP. 162-4

شریفی، عشایر...،ص ٦٤-٧١.

## ڕێکخستنی هێزەکانی سمکۆ

گرنگترین نوختەی بێهێزی لە بزووتنەوەی سمکۆدا نەبوونی هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی ڕەسمی بوو. هەرئەودەستەیە هەبوو کە پێوەندیی تایبەتی سمکۆیان پێکدەهێنا، نە حکومەتێکی ڕەسمی لە ئارادا هەبوو و نە ئەنجومەنی شەڕ. شارە گەورەکان ورمێ و سابڵاغ بە حاکمانێك ئیدارەدەکران کە سمکۆ داینابوون و هەرتك ئاغای عەشیرەتی بوون و، چ پێوەندیەکیان بە خەڵکی ئەو شارانەوە نەبوو و، هەرئەوەندە بوو ئیدارەکە لە دەستی ئەو حاکمانەی پێشووەوە کە تەورێز داینابوون چووە دەستی ئەمانە. باج سەندنێکی بە نەزم و بە ئینساف لەکاردا نەبوو. خەزێنەی سمکۆ بە تاڵانی گۆترەو بێحیساب پڕکراوەتەوە، هەرچەندە ڕەنگە سەرچاوەکان، کە زۆربەیان دوژمنی بەو، لەم ڕووەوە زۆریان لێ زیادکردبێ.

گەورەیی لەشکر هەمیشە لە گۆڕاندابوو، کە لەشکری عەشیرەتی بەوجۆرەن. جەرگەی کەم تا زۆر هەمیشەیی لە دەستوپێوەندی ئاغایان هاتووە، ڕێکتر بڵێین، لە دەستوپێوەندی سمکۆ خۆی و عەمەرخان Amr Khan ی سەرۆکی بەشی" کاردار"ی شکاکان. دەستوپێوەندی سمکۆ لە ١٩١٨دا، چەندسەد عەسکەری پێشووی عوسمانییان تێدابووە کە باش چەکدار بوون و لای مامۆستایانی ئەڵمان مەشقیان دیتووە. لە١٩٢١-١٩٢٢دا، باس لەوە بووە کە سمکۆ دەستەیەکی زۆری عەسکەری تورك هەبووبێ کە ئێرانی و ئینگلیس گومانیان هەبووە لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەوە خرابێتە بەردەستی*،هەرچەندە قەت هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ئەوگومانانە نەدیتراوە. هەرەزۆرتر لەوانەیە کوردی نەتەوەیی کوردستانی تورکیاش لە ریزی دەستوپێوەندیدا بووبن: من لەناو کوردە-کانی تورکیادا زۆر چیرۆکم لە خەڵکی ئەو ناوە دەبیست کە دەیانگێڕایەوە چۆن بۆ ڕەگەڵکەوتنی سمکۆ چوونەتە ڕۆژهەڵات. تەنانەت ئەم جەرگە هەمیشەییەش بەڕاست هەمیشەیی نەبووە. زۆر لە عەسکەرەکانی عوسمانیی کە لەگەڵ سمکۆدا بوون،لەکاتی شاڵاوی ١٩١٩ی ئینتیسارو فیلیپۆفدا،بەڵێنی بەخشینیان دراوەتێ و تەسلیم بوونەوە. کەسانی تریشی لەگەڵدابوون کە بەگوێرەی وەزعی سمکۆ هاتوون و چوون، داهات وتاڵان پتر هانیداون تا عاتیفەی نەتەوایەتی یا پێبەندیی شەخسی. لەکاتێکدا کە هێزەکانی لە سەرکەوتنی بەردەوامی تەمووزی ١٩٢٢یدا بە دەوری ١٠٠٠٠ کەس گەیشتووە، لەدوای یەکەم شکستان داویەتە کەمی و لە چەند ڕۆژێکدا

* FO 371/1922: E 8437/6/34.

وای لێ هاتووە لە هەزار پیاوی وەفاداری پتر لەگەڵدا نەماوەتەوە * .

دەستوپێوەندێکی بـەهـێـز، وادیارە، بۆ هـەر ئـاغـایەکی بکەوێتە سەر ڕێبازێکی سـیـاسیی فراوان، مەرجێکی پێویستە . هەر ئەوەندە هێزەکەی دیترا، زۆری تری کە نـە پیاوی کەسن و نـە دەیانەوێ بینێ ڕەگەڵ دەکەون . ئەمانە لەلایەن ئاغاوە نان نادرێن و شتێکی نزیکی حەقیە کە بەرامبەر بە کارە عەسکەریەکەیان پاداشی خۆیان بە تـالان دەدەنەوە . ئەمە مانای ئەوە نیە کە خودی پیاوەکانی ئاغا کاری تالان نـاکەن ، بەڵام زۆرتر مەبەست لەوەیە کە ئاغاکە پیاوی عەشیرەتیی تریشی هەن کە تەنانەت لە پیاوەکانی خۆیشی کەمتر لەژێر کۆنترۆڵدان . لە پەلامارەکانی سمکۆ و لە شەڕەکانیدا لەگەڵ هێزی حکومەتدا، نەك هەر پیاوەکانی خۆی، بگرە زۆر پیاوی عەشیرەتی تریش بەشداربوون . ئـەوانە بە رادەی یەکەم شـکاك بوون، بەتایبەتی لە عەشیرەتانی ئەفدۆڤی و مامەدی و کاردار بوون. لە کاتی خۆشبەختیی سمکۆدا، ئاغاوەتی عەشیرەتی تریش بە پیاوی تایبەتی خۆیان و پیاوانی تری ئاسایی عەشیرەتەوە ڕەگەڵی کەوتوون . بەتایبەتی هەرکی بوون کە بەپیاوی زۆر بەشدارپان‌کردووە . هەرکی و مامەش دەریانخستووە کە دۆستی هەرە دڵسۆزی سمکۆ بوون . خەڵکی تر درەنگتر ڕەگەڵی کەوتوون و زووتر لێی‌تەکیونەوە . لە رۆژانی تەنگانەدا تەنانەت نزیکترین هاوپەیمانانی‌سمکۆ وازیان لێ‌هێناوە . بەم جۆرە، عەمەرخان سەرۆکی پساغاکانی کاردارو بەوە رەقیبی پەنامەکیی سەرەکیی سمکۆ لە ناو شکاکدا، کە چەند جار نوێنەری بەدەسەڵاتی تەواوی‌سمکۆ بیوو ،لە ١٩٢٢دا ویستی بەجێی‌بهێڵێ . ئەوەبوو لە ڕێی شێخێکی ئەوناوەوە پێوەندیی بە حکومەتەوە کردو داوای بەخشینی کرد و لە بەرامبەر ئەوەدا بەڵێنی گوێڕایەڵی و ئامادەیی شـەڕ-کردنی لەدژی سمکۆ دا ** .

هـەرچەندە سمکۆ دوای شکانی لە راستیدا هێزی بەسیجدانی پیاوی زۆری لەدەست دا، بەڵام دیسا لە ناو عەشیرەتاندا هەر ڕێزی زۆری لێ دەگیرا . لە دوا گەڕانەوەیدا بۆ ئێران دەستبەجێ زۆر لە ئاغاوەتی یەکێتی عەشیرەتانی شکاك و لە عەشیرەتانی هەرکی و سوورچی و عەشیرەتانی تر بە پیاوی زۆرەوە چوونە خزمەتی بۆ ڕێزلێنانی*** .

---

* Arfa, *Shahs*,P, 141.

** آغاسي،تاريخ ...، ص ٤٥٧-٤٥٨ . بەهەرحاڵ سمکۆ لەوە ئاگادار بوو وعەمەرخانی خستبووە ژێرچاودێریەوە لە چەهریق . حکومەت، دوای شکانی سمکۆ،عەمەرخانی گرت و چەند ساڵ حەپسی کرد . *** شریفي، ←

سمکۆ هەر تەنیا بەدوای پشتگیریی عەشیرەتانەوە نەبوو، هەوڵی دا خۆی لەگەڵ هێزانی بێگانەشدا ڕێك بخا. چەندین جار هەوڵی دا پشتگیریی ئینگلیس وەدەست بهێنێ، زۆرتر لە ڕێی ئاغاوەتێکەوە کە نێوانیان لەگەڵ ئینگلیسدا لەوەی ئەو باشتر بوو : سەیدتاها، یان : بابەکرئاغای پژدەر* . سەرکەوتنی لەوەدا ئەگەر هیچ هەر بووبێ، کەم بووە . لە هەمان کاتدا پێوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە قەوقاس و لەگەڵ کەمالیەکان لە "وان" هەبووە . هێندێك نامەی بۆ ئەوانەی یەکەم وادیارە گیراون**، لەکاتێکدا کە کاربەدەستانی ئینگلیس و ئێران لەسەر ئەو باوەڕە بوون - وەك پێشتر باس کرا- کە کەمالیەکان عەسکەریان خستووەتە بەردەست . هیچ کام لەو هێزە بێگانانە لەکاتی ئەوپەڕی پێویستیی سمکۆدا بە هانایەوە نەهات . لە دەورانی سەرەتای کاریدا، بەهەرحاڵ، پێوەندیی بە کاربەدەستانی دەوڵەتەوە( ئێرانیەکان، کە کردیان بە حاکمی قۆتور؛ رووس و عوسمانی کە لەکاتی گرتنی ئەو مەڵبەندەدا ئیعتیرافیان پێکرد) مەرکەزی لە ناو کورددا بەهێزکرد . ئەم جۆرە پێوەندیانە بە دەوڵەتانی هاوسێوە - وەك پێشتر گوترا- هەمیشە لە سیاسەتی کوردستاندا هەبوون و، لە دەورانی دواییشدا هەر بەردەوام تەئسیریان بەسەر نەتەوایەتی کورددا هەبووە . رەنگە بەچاکی بکرێ بە بەشێکی لەجیاکردنەوە - نەهاتی سیاسەتی عەشیرەتگەریی کورد دابنرێن .

یەکێتی گەورەی عەشیرەتانی کە بزووتنەوەی سمکۆی پێکدەهێنا، تا عەشیرەتانی ئامادەی مەیدان بوون، ئەویش

---

← عشایر...، ص ٦٤-٦٥ .

* ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە دەقی نامەیەك وەرگیراوە کە لەلایەن سمکۆوە بۆ بابەکرئاغا ناردراوە، کە تێدا داوای لێ دەکا پشتگیریی ئینگلیسی بۆ داوابکا:

" دەزانم کە لە مەسەلەی رەفتارم لەگەڵ حکومەتاندا ناوم بە پیاوی غەدرو دەسبڕین رۆیشتووە، و من بۆ ئەم مەبەستە رووی دەمم دەکەمە تۆی کە حکومەتی ئینگلیس بەچاوی پیاوێکی جێبڕوات لێدەڕوانێ کە کردارەکانی دوایینم وهیچ لەکردارەکانم بە نیازی دوژمنایەتی لەگەڵ ئینگلیسدا نین . بەپێچەوانەوە،من خۆم بەڕاستی ئارەزوومەندم کە نێوانی دۆستانەم بە مەبەستی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو حکومەتەدا هەبێ" .

FO 371/1921 : E 11773/43/93.

** بە قسەی آغاسی،تاریخ ...،ص٤٥٨ ؛ و بە جۆرێکی تر لای : شریفی،عشایر...، ص ٥٩ . من سەلماندنێکی ئەو قسانەم لە هیچ شوێنێکی تردا نەدیوە .

ئەو یەکێتیەی مابوو و هەبوو. یەکێك لەو هۆکارانەی ئامادەی مەیدانی کردبوون نەتەوایەتی بوو . ئەوەی کە پشتگیریی سمکۆ لە رۆژی نەهاتدا وا بەخێرایی دادەکشا ،بەهەرحاڵ وا بە بیری پیاودا دەهێنێ کە نەتەوایەتییش -لە باشترین‌حاڵەتدا- هەرهاندەرێکی تری زێدە بووبێ . ئەمە خۆی لای عەشیرەتان وەهایە کە ئامادەیی مەیدان دەبێ ئاماژەی هەندێ دیارترو راستەوخۆتری هەبێ و هەلی بەجێی پێ‌گەیشتنی لەبەردەم هەبێ،سا چ سەرکەوتنی عەسکەری بێ(بەسەر عەشیرەتێکی تری رەقیب یا هێزی حکومەتدا)، چ تاڵان بێ . ئەو هەمووە پەلامارو تاڵان و بڕۆیەی لە باسی سمکۆ هەیە کە کردبێتی، کە زۆر نەتەوەیی هاودەمی خۆی و هی دواتر لێیان‌گرتووە، هەروا مەسەلەیەکی رێکەوت نیە : رەنگە ئەوە مەرجێکی پێویست بووبێ بۆ ئامادەی مەیدان هێشتنەوەی ئەوعەشیرە- تانە و تا بەو شێوەیە پێکەوە رابگیرێن . کاتێ ئامادەیی مەیدان نەما - چونکە لەم حاڵەتەدا زۆربەی پیاوی عەشیرەتی ئیتر زۆرکەم هەلی سەرکەوتنیان تێدا دەدی و لەبەرئەوە وازیان لێ هێنا - یەکێتیەکە دەستبەجێ لەناوچوو .

من بەمەزەندە وای بۆ دەچم کە زۆر یەکێتی عەشیرەتانی تریش هەر وابووبن : کۆبوونەوەی هۆکاری ناوخۆ و دەرەوە عەشیرەتەکانی وەخۆ‌ستبێ و وای لێ‌کردبن یەك‌بگرن، کاتێ هۆی هاندەر نەماون یان کاتێ نرخی ئەو یەکگرتنەیان بەگران لەسەرکەوتووە، یەکێتیەکە هەڵوەشاوەو، لە ناوەکەی و هەندێ جار بەرەیەکی سەرەکیی ریزلێ‌گیراو(بەڵام بەقسەنەکراو) بەولاوە شتێکی زۆری لێ نەماوەتەوە . ئامادەیی مەیدان تاسەر هەروا رانا- گیرێ . بۆ پاراستنی یەکێتیەك کە جارێك وەدەستخرا ،نەریتێکی‌دیارکراو پێویستە،کە بەهەرحاڵ لەسیاسەتی عەشیرەتی بەولاوەیە . لە رابردوودا ئەمارەتەکان تا رادەیەك شکڵی جۆرە نەریتێکی وەهایان ساز دابوو، و لە هەمان کاتدا بەوە کە دەیانکردن بە یەکێتیانێکی‌عەشیرەتانی رەقیب بەیەکتر، جۆرە ئامادەییەکی ئەوعەشیرەتا- نەیان بە نەزمێکی رەسمی دەگونجاند . لە قۆناغی دواتری مێژووی کورددا، بزووتنەوەی نەتەوایەتی، زۆرتر بە شێوەی حیزبی سیاسی، چوارچێوەیەکی رێکخراوی درێژخایەنتری هێناوەتە کایەوە . بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بەهەرحاڵ،هەر زۆر پشتی بە پشتگیریی عەشیرەت بەستووە، زۆرتر وابووە ئاغاوەتی‌عەشیرەتی وایان لێ‌هاتووە تائەندازەیەك دەستیان بەسەرداگرتووەو بەوجۆرە کردوویانە بە درێژەپێ‌دانێکی سیاسەتی عەشیرەتی . ئەمە نوختەی زەعفی گرنگ بووە کە،وێڕای هەبوونی چوارچێوەی حیزبییش هەر ،دەوری لە رووخانی خێرای چەندین بزووتنەوەدا هەبووە .

کۆمارە کوردەکەی مهاباد Mahabad، کە لە ١٩٤٦دا نزیکەی ساڵێك هەبوو، نموونەیەکی ئەم قسەیەیە . ئەو

کۆمارە بە حیزبێکی سیاسی، حیزبی دیموکراتی کوردستان ( ح د ك) رابەری دەکرا، بەڵام دەسەڵاتی قەتعی بەدەست عەشیرەتان بوو. (لە راستیدا، ح دك کاتێك دروست بوو کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی پێشتر، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (/ کۆمەڵە) ی کە لە چینی ناوەندی نوێی شارستان پێکهاتبوو چوارچێوەی بەرین کردەوە تا عەشیرەتانیش بگرێتەوە . زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری ح دك لە ماڵە فەرمانڕەوایانی عەشیرەتان بوون ) . شکاك دیسان دەورێکی گرنگیان دیت، بە رابەریی" عەمەرخان"ی باسمان کرد، کە ماوەیەك دوای مردنی سمکۆ ببوو بە گەورەئاغا . حکومەتی کۆمار قەت هیچ بڕیارێکی رەسمی نەداوە بەبێ ئەوە پێشەکی لەگەڵ عەمەرخاندا باسی بکا، کردوویە بە یەکێك لە سێ جەنەراڵەکەی سوپای کۆمار، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە غەیرەنیزامیانی عەشیرەتی پێکهاتووە . کاتێ با بەپێچەوانەی هەڵکرد، بەهەرحاڵ، و وادیاربوو حکومەتی مەرکەزی دەیویست و دەیتوانی کۆماری کوردی نیوە سەربەخۆ بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی مەرکەزی، عەمەرخان کەوتە پێوەندیکردن بە حکومەتەوەو بەڵێنی دا پێبەندی بێ و ئەوەبوو دەستی لە کۆماری مهاباد کێشایەوە * . چەندین ئاغاوەتی تری عەشیرەتی چالاکانە بەگژ ح دك و کۆماری مهابادا چوون، کە ئەوانە( ح دك و کۆمار)یان بۆ دەسەڵاتی لەمێژینەی خۆیان لە حکومەتی مەرکەزی بە خەتەرتر دەدیت . عەشیرەتگەری، ئەوەندەی سوپای ئێران، دەوری لە رووخانیکۆماری مهابادا هەبوو . رابەرانی نەتەوەیی، تەبیعی، دەزانن پشتگیریی عەشیرەتی چ بنکەیەکی ناپایەداریان دەداتێ، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوان هێشتا بەبێ ئەوەیان بۆ ناکرێ .

* Eagleton,Republic..,PP. 109-10.

## تێبینیی دواتر

ئەم شۆڕشەی دوایی ئێران جارێکی تر کوردی هێنایەوە سەر لاپەڕەی پێشینی رۆژنامەکان. لە سالی شێوانی ١٩٧٨دا باری کوردستان زۆر لەوەی بەشەکانی تری ئێران جیاواز نەبوو. لە ١٩٧٩دا، بە هەرحالێ، داوای پتەو بۆ ئۆتۆنۆمی پێشکەش کران و بە زوویی روون بوو کە ئەو داوایانە لەلایەن نزیکەی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردەوە پشتگیریان لێ دەکرا. کاتێ ژاندارمەری و پۆلیس بەحالێ هیچی لێ دیارمابوو و لەشکر - کە بەهۆی وازهێنان لە ریزەکانی ژمارەی کەم بۆوە - کشایەوە بۆ بنکە سەرەکیەکانی، کۆنترۆڵی مەرکەزی بێهێز بوو و بۆ ماوەیەك بارێکی بەکردار ئۆتۆنۆمی هەبوو. رابەرانی لەمێژینە (زۆرتر ئاغاوەتی عەشیرەتی) و رێکخراوی سیاسیی ئەو شوێن و ناوچانە (شورای شۆڕشگێڕی شاران، حیزبان، کۆمەڵانی کرێکاران، یەکێتیانی جووتیاران) دەوری کاربەدەستانی مەرکەزییان گرتە دەستی خۆیان.

دەوری عەشیرەتان لە جاران کەمتر دێتە بەرچاو. کوردی لە مەیداندا هەن: ح دك، رەقیبی رادیکالتری "کۆمەڵە" و مەلای بەشەخسیەتی شار عیزەدین حوسەینی. ئەمەی دواییان دەورێك دەبینێ وەك ئەوەیە کە شێخەکان لە کۆمەڵگای عەشیرەتیدا بۆ ئاشتی خستنە نێوان و یەکخستن دەیاندیت (؟!- وەرگێڕ)، بەڵام بەزەحمەت دەکرێ بە نوێنەری نەزمی لەمێژینە دابنرێ، جێبڕوای زۆربەی خەڵکی دێهاتە بە زۆر پیاوی عەشیرەتییشەوە(؟!- وەرگێڕ)، بەڵام تێکەڵ کردنە تایبەتیەکەی نەتەوایەتی بە سۆسیالیزم وئیسلام لای چەپە رادیکالەکانی "کۆمەڵە" شی خۆشەویست دەکا.

ئاغاوەتی عەشیرەتی هەولیان دا و هەوڵ دەدەن ئەو هێزو دەسەلاتەی کە لە چەند دە سالی رابردوودا لەدەستیان- چوو وەگیربێننەوە، بەڵام تەئسیری شارستانیەت و خوێندەواری و ئیسلاحاتی ئەرزی ناکرێ هەروا بە هاسانی بسڕێتەوە، سەرکەوتنیان لە ئەوپەڕەکەیدا شتێکی کاتی و کەم بووە.

شکاك لە زۆربەی عەشیرەتان کەمتر گۆڕاون، لەوانەن کە لە عەشیرەتگەریدا هەرەگیرن. دوای مردنی عەمەرخان، "تاهیرخان"ی کوڕی سمکۆ توانی بگاتە مەرکەزیگەورەئاغایی یەکێتیعەشیرەتانی شکاك،و لە بەهاروهاوینی ١٩٧٩دا لەوەیدەکرد رۆژگاری باوکی ژیابێتەوە،بەشێوەی دەسەلاتدارێکی سەربەخۆ حوکمیدەکرد. لە تەمووز / ژووئیەدا، بەهەرحالێ،کاتێ حکومەتی مەرکەزی پیاوی خستەوە مەرکەزەکانی ژاندارمەریی نزیکی سنووری تورکیا، کێشە قەوما. پیاوی عەشیرەتی (شکاك، هەرکی و عەشیرەتی تری ئەوناوە) بنکەی ژاندارمەریان

ئـابـلـۆقه دا و چەندین پاسـگایان گرتن، ئەوەبوو هێزی لەشکر ناردرانە ناوچەکە . لە شـەڕی کە بەدوادا هات عەشیرەتەکان ناچاربوون داوای یارمەتی لە ح دك بکەن کە ئەوسا لەشکرێکی پێشمەرگەی چاك مەشقپێکراوی دایمیی هەبوو . بە هێزی یەکگرتوویان لەشکریان شکاند، تەنانەت هێندێك هێزیان لێ ناچارکردن پـەنا بە قەڵەمڕەویی تورکیا بەرن . مەسەلەکە هەموو(وەك قاسملوی سکرتێری گشتیی ح دك لای خۆیەوە دەڵێ*) مەرکەزی "ح دك "ی لای پیاوانی عەشیرەتی لەسەرحیسابی ئاغاوەتی لەمێژینە بەرزکردەوە،قەناعەتی دانێ کە رێکخستنی حیزبی لەوەی عەشیرەتی لەسەرترە . بەهەرحاڵ، هەرچۆنێك بووبێ، دوایی هەر ئەوساڵە، تاهیرخان و ئاغاوەتی تری عەشیرەتان روویان لە ح دك وەرگێڕا، چەندین لەوانە تەنانەت چالاکانەش دژایەتیان کرد. لەلایەکی ترەوە، ئەندامێکی رابەری لاوی مامەدی( عەشیرەتێکی شکاك) ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی ح دك ـە . زۆر لاوی شکاك - نەك تەنیا لە مامەدی - وادیارە زۆرتر لایەنی ح دك یان گرتووە تاوەکو تاهیرخان .

لە چەندین بەشی کوردستاندا، ئاغاوەتی عەشیرەتی، وەك کۆنە خاوەن زەویانی سەرتاسەری ئێران، هەوڵیان دا بـە زۆر ئەو زەویانە بسـتێننەوە کە لە ئیسلاحاتی ئەرزیی شادا لە دەسـتیان چووبوون و زۆرتر درابـوون بـە جووتیاری ناعەشیرەتی . دەستەجاتی چەپ لە مامۆستای دێهات و ئەندازیارو خوێندکارو مەلای لاو ،جووتیار-انی ناعەشیرەتیان لە یەکێتیانی جووتیاراندا رێکخستن،کە لە چەندین شوێن سەرکەوتوانە یەکەم هێرشی خاوەن-زەویانیان شکاند. ئەم یەکێتیانەی جووتیاران،لەگەڵ دەستەجاتی چەپی شارستاندا یەکیانگرت و"کۆمەڵە"یان پێکهێنا .

رێکخراوە سیاسیە گرنگەکەی تر، ح دك (ئێران)، کە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرابوو و دەوری مەرکەزیی لە کۆماری مهابادی ١٩٤٦دا دیبوو،لە دوا ساڵانی ١٩٦٠ـەوە وازی لە هەڵوێستی ناسیۆنالیستی پەتی هێناو بەرەوچەپ بزووت(**). پرۆگرامەکەی نەك هەر داوای مافی نەتەوایەتی و فەرهەنگی،بە " ئۆتۆنۆمی"یەوە،دەهێنێتە پێش،

*وتووێژی شەخسی،١٩٧٩/٨/٨. داخەکەم بۆم نەکرا ئەم قسانەی لای شکاکان خۆیان سەیریکەم بزانم چەند وان .

** ((" حیزبی دیموکراتی کوردستان " ی ١٩٤٥ی کۆماری کوردستانی مهاباد و ئەوەی ١٩٦٠، ناویان وەکو یەکە، بەڵام ئەوانە دوو حیزبی بەتـەواوی جیاوازن و فریان بەسەریەکەوە نیە و، لە هەموو روویەکەوە دوو قوتبی دژی یەکترن . ئەوەی ١٩٤٥ ناوی نوێی ئەوساڵەی هەمان" ژێ کاف" بوو،کە حیزبێکی لەسەداسەد ناسیۆنالیست بوو، لەسەر داوای" باقرۆف" ئەو ناوە نوێیەی وەخۆگرت ( پرۆپاگەندەی سۆڤیەت وابوو،دەبوو هەندێ رێکخراوی←

بەڵکو نوختەی دژی دەرەبەگی و ئەسڵی مافی تەواو یەکسانی پیاو و ژن و لێکجیاکردنەوەی دین و دەوڵەتیشی تێدایە. داوای سیاسەتێکی پەرەسەندنی ئابووری دەکا، وەك ئەوەی مۆدێلی سۆسیالیستی دەوڵەتی -بەقوونە- هیعیراق. ح دك ڕێکخراوی زۆر بەهێزترین هێزی سیاسیی‌کوردستانە. جەماوەری شارستانیش و دێهاتیش پشتگیریی لێدەکەن، بەتایبەتی لە ناوچەی مهابادو بۆکان و بانە.

نێوانی ح دك لەگەڵ عەشیرەتان لەوەی‌کۆمەڵە تەماویترە،نایەوێ عەشیرەتان دووربخاتەوە،حەزدەکا پتر دەسەڵاتی ئاغایان کەم بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر هەست بەوە دەکا کە هێشتا ناتوانێ بەتەواوی بەگژیاندا بچێ و تەنانەت پێویستیشی بە پشتگیرییان هەیە. وەك نەتیجەیەکی ئەم هەڵوێستی نەویستنی دوورخستنەوەیە، خاوەن دەسەڵاتی‌لەمێژینە توانیان لە هەندێك شوێن لقی‌ناوچەی حیزب بخەنە ژێردەستی‌خۆیانەوە. لەکۆمیتەی ناوەندیشدا، هێندێك لە ئەندامان هێشتا یا هەر ئەوەتا سەر بە موحیتی عەشیرەتین یا نێوانی گەرمیان لەگەڵدا

---

← سەر بەو ناوی" دیموکرات"یان هەبوایە). بە رووخانی کۆماری کوردستان، ئەو حیزبە بۆ هەتا- هەتا مرد و قەت زیندوو نەبۆوە و ڕێکخراوی کوردایەتی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەتی تێکەوت. ئیتر" حزب توده ایران" بووە تاقە ڕێکخراوی دژی ڕژیم لەهەرێمی ڕۆژهەڵاتی‌کوردستان و لە ئازەربایجانیش، لقی خۆی لە یەکەمیاندا ناو نا " حزب دموکرات کردستان ایران " و لەوەی دووەمدا " فرقه آذربایجان ایران" (کە ناوی حیزبی فەرمانڕەوای‌کۆماری ئازەربایجان ببوو). بە تەپینی مەرکەزی‌حیزبی‌تودە، لقی ئازەربایجانەکەش تەپی، بەڵام لقی‌کوردستانەکەی (بە ناوی" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران") سەربەخۆ مایەوەو ئیتر پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە مۆسکۆوە بوو، زۆر (هەر یەکجار زۆر) دژی ناسیۆنالیزمی کورد بوو، ئەندامی هەبووە کە بە "تـاوان"ی کـوردایـەتی لە حیزبەکە دەرکراوە (من بە ڕێکەوت ئێستاش هەندێك لەو بەیانانەم لای خۆم پاراستوون). ڕەحمانی ئەنوەری (لە دایك بوون ١٩٣٠/١٢/٢٢ لە باوکێکی کوردو دایکێکی تورك لە دێی " قاسملو" - کوژران لە ڤیەننا ١٩٨٩/٧/١٣و لە پاریس نێژرا) تودەییەك بوو کە زۆرترین ڕقی لە ژیانیدا لە دوو وشە بوو:" کوردایەتی" و" بارزانی"، " ئەمریکا" دوژمنی پلەی سێهەم بوو(لەدوای ئەو دووانە دەهات!). لە سەر کێشەی نێوان لەگەڵ ڕژیمی خومەینی‌دا لە کۆشی دایك(یەکێتی سۆڤیەت) دوورخرایەوە. بەڵام لە پڕۆپاگەندەی سیاسیدا دیارە - ئەویش وەکوکۆمونیستەکانی تر- مێژووی کۆماری کوردستانی مهابادی بە قازانجی خۆی بەکارهێناوە، ـ وەرگێڕ)).

هەیە . دیسا، لە هاوینی ١٩٧٩دا کاتێ ئاغاوەتی دەوری مەهاباد دەستیان کرد بە ئەستاندنی باجی لەمێژینەی " دەودوو dahudo " (٢٠٪) زۆرتر لە جووتیارانی ناعەشیرەتی، حیزب خۆی خستە مەسەلەکەوە . لە کێشەوەهەرای کە ژمارەیان لە زیادبووندا بوو لەنێوان (کۆنە-) خاوەن زەویان و جووتیاراندا . ئەوانەی یەکەم، پشتگیرییان لە کاربەدەستانی مەرکەزی ( لەشکر، پاسدارانی شۆڕشگێڕ ) داواکرد - و لێیان کرا- و لە دژی کۆمەڵەو ح دك رەگەڵ ئەوان کەوتن . کێشەی‌نەتەوایەتیی‌کوردو کێشەی جووتیاران لەدژی چەوسێنەرانیان چاك پێکەوە پێوەندبوون .

هێشتا مارتی ١٩٧٩ بوو کە یەکەم شەڕەکانی نێوان نەتەوەییەکوردەکان* و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی نوێ ( لەم حاڵەتەدا عەسکەریی لە سنە) هەڵگیرسان . گفتوگۆی دووروودرێژ و زەحمەت بە ئاگربەسێکی پەرێشان گەیشتن . لە ئاب/ ئووت دا رووداوێکی تر هۆی راستەوخۆی عەمەلیاتی عەسکەریی لە دژی کوردان پێکهێنا. لەشکر هەمموو شارەکانی کوردستانی گرت، کە بە بێ خوێن‌ڕشتن نەبوو . کورد سەنگەربەندیی‌گرنگیان بۆ شارەکان سازنەدابوون و روویان کردە چیا . ح دك چەندین‌هەزار پێشمەرگەی شەڕکەری باش‌چەکداری هەبوو، کە لە مانگانی رابردوودا مەشقیان پێ‌کردبوون . کۆمەڵە وکەسانی سەر بەعیزەدین حوسەینی باری چەکدراییان کەمتر باش بوو(وەك ح دك نەبوون، نەیانتوانیبوو دەست بەسەر مەخزەنی چەکی لەشکردا بگرن)، بەڵام ئەوانیش لە چیا هێزێك بوون کە حیسابی بۆ بکرایە . دوای دوو مانگ، ئەم هێزانەی پێشمەرگە کە سەرکردایەتیەکی یەکگرتوویان پێکەوە نابوو(؟- وەرگێڕ)، توانیان حکومەت ناچاربکەن بێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵیاندا . گفتوگۆ چەندین جار بڕان، کە ئاگربەس دەشکێنرا یاخود بە بن‌بەستی چەندەمین دەگەیشتن . هێندێ جار شەڕی زۆرقورسیش روویدایەوە . وا دیارە عونسوری دەرەبەگی کە حەزناکەن ئۆتۆنۆمی بە رابەریی رێکخراوانی دژی دەرەبەگی پێکبێ، چالاکانە هەوڵ دەدەن بە شەڕنانەوە گفتوگۆیان تێکبدەن . ئەوەندەی کە لە پیاو دیارە، کاتێکی زۆر دەگرێ پێش ئەوەی چارەسەرێکی‌کێشەی‌کورد پێکبێ کە بەدڵی زۆربەی ئەوانە بێت کە مەسەلەکە

---

*((ئەمە بوختان کردنە بە مردوو. ئازاد(محەمەد) مستەفا ،لەوکاتەدا کە رابەری پاسۆك بوو بۆی‌گێڕامەوە گوتی: لە کۆڕێکدا، کەریم ئەحمەد ( ی کۆمونیست ) لە قسەکردندا روو لە قاسملو گوتی : " ئێوەی نەتەوەیی"، قاسملو دەستبەجێ قسەکەی پێ بڕی و بە توورەییەوە پێی گوت : " ئێمە نەتەوەیی نین، ئێمە دیموکراتین "،تەنانەت ئا لە ئەوهەلومەرجەشدا ناوی" کوردی نەتەوەیی" بۆخۆی قەبووڵ نەبوو و بە تەوهینی دادەنا- وەرگێڕ )) .

دەیانگرێتەوە .

## پێڕستی ناو

« نووسەر لەم باسەدا زۆر وایە بە هەرێمی باکووری کوردستان دەڵێ : تورکیا یا ئەنادۆڵ یا ڕۆژهەڵات، بە هەرێمی باشوور : عیراق، و بە هەرێمی ڕۆژهەڵات ئێران یا ( بە بەشێك ) ئازەربایجان . ئەم پێڕستە بەگوێرەی مەبەست ئەوانەی خستووەتە شوێنی خۆیان ( کورد- کوردستان) و وشەی بەکارهاتووی نووسەر وابووە خراوەتە ناو دوو کەوانەوە . لە سەرچاوەکان (-س) هەر ناوی دانەر/ نووسەری تێدایە . »

### ئـ ـ آ

ئادامیك (-س) ٣٢؛ ئارارات ( چیای-)١٦؛( ئازادمستەفای پاسۆك - وەرگێڕ ٥١) ؛ ئازادستان ( کۆماری-) ٣١؛ ئازەربایجان ٣٠-٣٢، ٣٤-٣٨،٣٥( و عین الدوله) / ئازەری ٢٨، ٣١-٣٢، ٣٨،٣٤، ٤٠،( کۆماری- وەرگێڕ ٥٠) ؛ ئاسووری ٢٨، ٤١،٣٤، و بڕ- مارشیمون، نستۆری؛ ئاق قۆیونلو بڕ- تورکمەنەکان ؛ ئۆکتۆبر( شۆڕشی-) ٣٤؛ ئەتاتورك بڕ- تورك ؛ ئەحمەدخان بڕ- هەرکی؛ ئەدمۆندز(س) ٤١؛ ئەرتووشی بڕ- عەشیرەت ( یەکێتی - ان) ؛ ئەردەڵان بڕ- ئەمارەت ؛ ئەرشەدولمولك بڕ- سمکۆ ؛ ئەرفەع (س) ٢٧، ٤١،٣٨،٣٤-٤٢، ٤٤؛ ئەرمەنی٢٢- ( کوشتاری-)٢٣، ٢٥، ٣٤-٣٥، ٣٧ و بڕ- مەسیحی؛ ئەفغانستان٧؛ ئەڤدۆقی بڕ- شکاك ؛ ئەڵمان ( مامۆستایانی-) ٤٣؛ ئەلن و موراتۆف(س) ٣٠. ئەمریکا ٨-٩/ - یی ٥(شاهیدێکی-)، ٩(پشتگیریی-) ٢٨ ( کلیسای-)؛ ئەمارەت (ی کورد بەگشتی) ٧، ٩-١١، ١٣، ١٥، ٤٦/ ئەردەڵان ٧ / بابان ( و مەحموودپاشای) ٧ / بتلیس ٧، ١٠ / بۆتان ١٣ / گوران ٧ / میر ٧، ٩، ١٣-١٥؛ ئەنقەرە ( حکومەتی-) بڕ- تورك ( / تورکیا) ؛ ئەورووپایی١٣-١٤، ٢٢، ٢٤، ٢٨؛؛ ئیسلاحاتی ئەرزی بڕ- چارەسەری کشتوکاڵ ؛ ئیسلام / مسوڵمان / - یّتی ١٣-١٤، ٢٤، ٢٨-٢٩، ٣٠، ٣٤، ٤٨، ٥٠( دین ) / پان ئیسلامی( / یەت ) ٢٣-٢٥؛ ئیقبالوسسەلتەنە بڕ- ماکۆ؛ ئیگلتن(س) ٢٠، ٣٣، ٤٧؛ ئینتیسار(انتصار) ٣٨، ٤٣؛ ئینگلیس/ بریتانی/ بریتانیا ٨، ١٣، ١٩-٢٠، ٢٥، ٣٠-٣١، ٣٥، ٣٧، ٤١-٤٣، ٤٥ / سەنەدەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیس(س) ٣٧، ٣٩-٤١، ٤٣، ٤٥؛ ئێران /-ی ٥-( و- ی پەهلەوی) ٦-٧-(وعەباس میرزای وەلیعەهدی-)٨، ٩، ١٣، ٢٠، ٢٢، ٢٥، ٣٠--(وحکومەتی تاران،وەلیعەهد)٣١، ٣٤-٣٦، ٣٨( و وثوق الدولەی سەرەك وەزیران)، ٤١-٤٥، ٤٨(و شۆڕشی-)-٤٩، ٥١(نوێنەرانی کۆماریئیسلامیی-) / شا ٢٠، ٤٩/ ڕەزاخان و کۆدێتاکەی ٣١، ٤٢؛ آغاسی (-س) ٣٢، ٣٤-٣٥، ٣٨، ٤٤-٤٥ ؛

### بـ - پـ

بابان بڕ- ئەمارەت؛ بابەکرئاغا بڕ- پژدەر؛ باج ١٨(ئیسبەتێك لە دە)-١٩(بەخشینی حەمیدیە لە-)، ٥١(دەودوو) / -ی سمکۆ ٣٥، ٣٧، ٣٩، ٤٣؛ باراتۆف(جەنەراڵ)٣٤؛ بارت(س)١٧؛ بارزانی ٨( مەلا مستەفای-)،(٥ ، ٥٠ - وەرگێڕ) ؛باقرۆف(٤٩-وەرگێڕ) بامداد(س)٣٦؛ بانە٣٩، ٥٠؛ بتلیس بڕ- ئەمارەت؛ بتلیسی( شەرەفنامەی شەرەفخانی- س) ١٠؛ برادۆست٢٧؛ بریتانیا بڕ- ئینگلیس؛ بل بڕ- دەشتی-؛ بلاو(س)٢٩؛ بلباس بڕ-عەشیرەت(یەکێتی - ان)؛ بناو ٤٠؛ بنەماڵە١١و بڕ- ماڵ؛ بۆتان بڕ- ئەمارەت؛ بۆکان٥٠؛ بۆلشەفیکی ٥؛ بەختیاری بڕ- کورد-کوردستان (کوردی)؛ بەدرخان١٣(-بەگ)،٣٣(ماڵی نەتەوەیی-،عەبدورەزاق-)؛ بەرە ١٠-١١، ١٧، ٢١، ٢٩، ٤٦/ بەرەباب ١٥؛ بەغدا ٨(حکومەتی-)،٣٧؛ بەگزادە(عەشیرەت) ٢٧(ژمارەی)،٣٩، ٤٢ و بڕ- فەیزوڵڵابەگی؛ بەناب(س)٣١؛ بێگار ١٨؛ (پاریس ٥٠- وەرگێڕ)؛پاسدار ٥١، پان ئیسلامی بڕ- ئیسلام ؛ پژدەر٣٩ و بڕ- عەشیرەت ( یەکێتی - ان) / بابەکرئاغای- ٤٥؛ پساغا بڕ- شکاك؛

پیران(عشیرەت) ٢٧(ژمارەی)،٣٩؛ پیشمەوەر ٩، ٢٨،٢٢؛( پیشەوەری(جەعفەر) ٥٠- وەرگێڕ) ؛

## تـ

تاتۆ بڕ- سوتۆ و- ؛ تاران ٣٨ و بڕ- ئێران( حکومەتی تاران)؛ تاڵان و بڕۆ- راوڕووت ١٩، ٢٤،٢٨-٢٩، ٣٥،٣٧-٣٨، ٤٠، ٤٣-٤٤،٤٦؛ تاها( سەید-) بڕ- عوبەیدوڵلا ( شێخ - ی نەهری) ؛ تایفە ١١ / -ی عەسکەری ٩، ٢١؛ تفلیس ٣٣؛ ( تودە ٥٠- وەرگێڕ) ؛ تورجانی ( مەلا محەمەدی سەرنووسەری رۆژنامەی سمکۆ)٣٣؛ تورك ٨، ٣٠، ٣٢، ٣٤-٣٥، ٣٧، ٣٩( و بە پەرچەمی-)، ٤١، ٤٣،(٥٠- وەرگێڕ) / -ی لاو ١٩ (کۆدێتای)، ٢٥ / توركیا ٦(-ی کەمالی)، ٢٥، ٣٠(و مستەفا کەمال ئەتاتورك) -٣١، ٣٥، ٤٣(حکومەتی ئەنقەرە)، ٤٥( کەمالیەکان)،٤٨ (سنووری-)-٤٩؛ تورکمەنەکان(دەوڵەتانی یەکێتیعشیرەتە - ی قەرەقۆیونلو و ئاق قۆیونلو)٧،٩؛ تورکیا / تورکی لاو بڕ- تورك؛ تۆینبی (س) ٤٠-٤١؛ تەرگەوەر ٢٧؛ تەریقەت ١٤؛ تەورێز ٣٠-٣٢، ٣٤( و موختی شەمس حاکمی-)- ٣٥( و موکەررەمولمولك حاکمی-)،٣٧- ٣٩، ٤٣؛ تەیموورئاغا بڕ- سمکۆ( ئەرشەدولمولك و -) ؛ تەیموورجەنگ بڕ- سۆمای؛

## جـ - چـ

جاف بڕ- عەشیرەت(یەکێتی-ان) ؛ جوو ١٠، ٢٢؛ جووتیار ٩، ٢١، ٢٧-٢٨، ٤٩-٥١،و بڕ- رێکخراو (یەکێتی -ان) ؛ جوەیدە(س) ٣٦-٣٧، ٤٢؛ جۆزێف (س) ١٣، ٢٥، ٣٠، ٣٤؛ جەردە ١٨ / چەتە ٢٠؛ جەعفەرئاغا بڕ- سمکۆ؛ جەلالی (عەشیرەت) ٢٧( ژمارەی) و بڕ- عەشیرەت (یەکێتی-ان) ؛ جەمیل پاشازادە قەدری بەگ بڕ- سیلۆپی؛ جیهاد ٢٤؛

چارەسەری کشتوکاڵ( ئیسلاحاتی ئەرزی) ١٦، ٤٩؛ چەپ بڕ- رێکخراو؛ چەتە بڕ- جەردە؛ چەهریق ٣٥، ٣٨، ٤٤؛

## حـ - خـ

حاجۆ بڕ- عەشیرەت(یەکێتی-ان / هەڤێرکان)؛ حەمیدیە ١٩؛ حەیدەرانلی ٢٧( ژمارەی)،٣٩؛ حیزبی دیموکراتیکوردستان بڕ- رێکخراو؛ حیزبی سیاسی بڕ- رێکخراو؛

خالیسە ٢٧؛ (خومەینی ٥٠- وەرگێڕ)؛ خۆی ٣٠-٣١-(و ئەنجومەنی)،٣٧-(باشووری ناوچەی) ٣٨؛ خەزنەدار(خزنەدار- س) ٣٣؛

## د - ر- ز

دەروێشی ١٤؛ دەرەبەگی ٢١، ٥١(و دژی) ؛ دەشتی بل ٢٧؛ دەهقان(س) ٢٧-٢٨، ٣٨، ٤١؛ دەودوو بڕ- باج؛ دیلمان ٣٠، ٣٥، ٣٧، ٤٠، ٤٢؛ دێبۆکری ٣٩-٤٠؛

راتسلاو(س) ٣٠؛ رواندز ٣٠، ٤١،( پاشاکۆرەی- ٥٠- وەرگێڕ ) ؛ رودۆلف(ولفگانگ س) ٢٨؛ رووس/ رووسیا ٨، ٢٠، ٢٤-٢٥، ٣٠، ٣٢-٣٤، ٣٨، ٤٥؛ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٩؛ رەزاخان بڕ- ئێران؛ رەشت ٣٠؛ رەعیەت ١٧-١٨، ٢٧ و بڕ- عەشیرەت( نـا-)؛ رەمەکی ١١؛ ریچ(س) ٨، ٢١؛ رێکخراو ( نەبوونی رێکخراوی رەسمیی راپەڕینی سمکۆ) ٤٣ ، حیزبی سیاسی/ چوارچێوەی حیزبی/ ژ ك - ح دك ٤٧ ، ٤٨-٥١( و هەردوو ح دك : ژك و لقی تودە - وەرگێڕ ٤٩-٥٠)، کۆمەڵە ٤٨-٥١ ، شورای شۆڕشگێڕی شاران / حیزبەکان / کۆمەڵەکانی کرێکاران / یەکێتیانی جووتیاران / رێکخستنی حیزبی ٤٨، چەپ ٤٨؛

زەرزا ٢٧( ژمارەی)، ٣٩؛

ژ

ژن ١٧( ژن و ژنخوازی له عەشیرەتدا، کچی مام هێنان) ، ٣٣( سمکۆ خوشکێکی سەیدتاهای هێناوە - ژن هێنانی بەکەڵك) ،
٣٥( سمکۆ پارەو ژنی دەدا بە شەڕکەرانی) ، ٥٠ ( یەکسانیی ژن و پیاو لە پرۆگرامی ح دك دا) ؛

سـ

ساباڵغ ( ساوج بولاغ) بڕ- مهاباد؛ ساندرەژکی (س) ٢١؛ ساهلنز١٦؛ ساین قەڵا(شاهین دژ) ٤٠؛ سبۆرنیك (س) بڕ- ڤۆیمنی؛ سپاهی ٢١؛
ستالین٢٥؛ سلاڤیەکان ٨؛ سلێمانی ٤٠-(مەزنێکی)٤١؛ سمایل ئاغا( سمکۆ و رەقیبی) بڕ- شکاك ؛
سمکۆ
٣٢-٤٧ ( بەخشدار- حاکمی قۆتور٣٢ و٤٥/ و ژنی٣٣/ مانگنامەی٣٣/ هەوڵی کوشتنی ٣٥ / کوژرانی برایەکی بچووکی٣٦ /
وهێزی ٣٩و٤٣/ کوژرانی٤٢) /
تاهیرخان (ی کوڕی) ٤٨ /
جەعفەرئاغا( براگەورەی) ٢٨،٣١-٣٣ /
عومەرئاغا(ی مامەدی، مامی یا خاڵی) ٣١ /
عەلی ئاغا(ی ئەڤدۆڤی،باپیری)٣١ /
ئەرشەدولمولك و تەیموورئاغا ( حاکمانی ورمێ لەلایەن سمکۆوە) ٣٨ ؛
سنە ٥١؛ سوتۆ و تاتۆ(چیرۆکی) ١٤؛ سوننی ٣٢؛ سوورچی ٤٤؛ سووریانی(-زمان)٢٢؛ سۆسیالیزم ٤٨/ سۆسیالیستی دەوڵەت ٥٠؛
سۆفیایەتی ١٤؛ سۆڤیەت/ی ٩،٤٥؛ سۆمای ٢٧،٢٩،٣٢ ( تەیموورجەنگ و محەمەد شەریف ئاغای) ؛ سۆن(س)١٤؛ سەرداری فاتیح
بڕ- ورمێ ؛ سەردەشت ٣٩؛ سەقز٤٠؛ سەلاحەدینی ئەیووبی ٢٩؛ سەلماس٢٧(و دەشتی)، ٣٠-٣١،٣٤،٣٨؛ سیلۆپی( جەمیل پاشازادە
قەدری بەگ) (س) ٢٥؛

شـ

شا بڕ- ئێران؛ شاهین دژ بڕ- ساین قەڵا؛
شکاك ( یەکێتی عەشیرەتان) ١٧،١٩،٢١،٢٧(وژمارەی) - ٣٢،٣٩-٤٠،٤٣-٤٩ /
- ئەڤدۆڤی ٢٨-٢٩،٣١،٤٤ / یوسوفی ئەڤدۆڤیی برای عەلی ٣١ /
- کاردار ٢٨-٢٩،٣٢،٤٤ / ئەمەرخان( سەرۆکی پساغاکانی کاردار) ٤٣-٤٤،٤٧-٤٨ /
سمایلئاغای پساغاکانی کاردار( رەقیبی سمکۆ) و مستەفائاغای برای ٣١ /
پساغا( ئەڤدۆڤی و کاردار) ٢٩،٣١ /
- مامەدی (/ مامدۆی) ٢٨-٢٩،٣١،٤٤،٤٩( لاوێکی- ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ح دك ) ؛
شنۆ ٤٢؛ شەرەفخانە ٣٧،٣٩؛ شەرەفنامە(س) بڕ- بتلیسی؛ شەڕی جیهانیی یەکەم( / شەڕی گەورە) ١٦،١٩،٢٥، ٣٠،٣٢-٣٣؛
شەریفی ( شریفی - س) ٢٩،٣١چ٣٣-٣٤،٣٦،٣٨،٤٢،٤٤-٤٥؛ شیعە ٢٨؛ شێخ(ی کورد بەگشتی) ٧،١٣-١٥،٢٤،٢٦،
٤٤(-ێك)،٤٨ ؛

## عـ

عوبەیدوڵلا( شێخ -ی نەهری) ٢٥/ سەیدتاهای نەوەو جێگرەوەی ٣٣،٣٥،٣٧،٤١؛ عوسمانی ٦-٩،١٣،١٥-١٦،١٩،٢١-٢٢،٢٤-٢٥، ٢٨-٣٠،٣٢،٣٥،٣٨،٤٣،٤٥/ سوڵتانی عوسمانی- عەبدولحەمید ١٣،١٩،٢٣،٢٥/ خەلیفە ١٩،٢٤؛ عومەرئاغا بڕ- سمکۆ؛ عەباس میرزا بڕ- ئێران؛ عەبدولحەمید بڕ- عوسمانی؛ عەبدولڕەزاق بڕ- بەدرخان؛

عەشیرەت (ی کورد بەگشتی) ٥،١٩،٢١(و عەشیر) - ٢٢،٢٤-٢٩،٣١،٣٩-٤٠،٤٤-٥٠/ نیوچەعەشیرەت ١٠-١٢،٢١،٣١ /

عەشیرەتگەری ١٥-١٦،٢٢،٤٥،٤٧-٤٨/ عەشیرەتی ٨-٩،١٣-١٦،١٩،٢١-٢٢،٢٤،٤٣-٤٤،٤٦-٥٠/ کردنەوە بەعەشیرەت١٥/

جیاوازیی نێوان " عەشیرەت" و " یەکێتی عەشیرەتان" ١٩ /

یەکێتی عەشیرەتان ٩- ( ـ بلْباس١٠) -١٣،١٥- ( ـ پژدەر١٦ / ـ جاف ١٧/ ـ جەلالی ١٦-١٧/ ـ هەڤێرکان١٦-١٧- و حاجۆ١٨-١٩) ٢١-٢٢،٢٩، ( ـ ئەرتووشی٣٩)،٤٦، و بڕ- پژدەر،جەلالی،شکاك /

بۆ عەشیرەت - یەکێتی عەشیرەتان بڕ- ناوەکانیان /

نـاعەشیرەت(ی) ٧،٩،١٨،٢١(و کورمانج،گوران،رەعیەت،مسکێن) -٢٢،٢٧(و کورمانج) - ٢٨،٣٤،٤٩، ٥١ ؛

عەلی ئاغا بڕ- سمکۆ؛عەمەرخان بڕ- شکاك ؛ عەینوددەولە(عین‌الدوله) بڕ- ئازەربایجان ؛ عیراق ٣٠،٥٠ و بڕ- کوردستان( هەرێمی باشوور کە نووسەر زۆرتر هەر بە عیراقی ناودەبا) ؛ عیزەدین حوسەینی ٤٨،٥١؛

## فـ - ڤـ - قـ

ڤان برووئەسن(س)٧،١٨،٢٥؛ فەرەنسا ٣٤(چەکی- بۆ ئاسووریەکان) / دەقی ئەسڵە فەرەنسیەکە ٢٨-٢٩؛ فەیزوڵلابەگی ٣٩ فیلیپۆف ٣٨،٤٣؛

ڤۆیەنی سبۆرنیك (س) ٣٢ ؛ ڤیەننا ٥٠؛

قاجار ١٦؛ قاچاغچێتی ٢٨؛ قاسملو ٤٩( ٥٠-٥١ - وەرگێڕ)؛ قۆتور بڕ- سمکۆ؛ قەرەقۆیونلو بڕ- تورکمەنەکان؛ قەڵادزە ١٧؛ قەوقاس ٣٠، ٤٥( پێوەندیی سمکۆ بە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە -) ؛

## کـ

کاردار بڕ- شکاك ؛ کرماشان ٢٧؛ کرمانج بڕ- عەشیرەت (نـاعەشیرەت - کورمانج) ؛ کسروی(س) ٣٠-٣٢،٣٤،٣٦،٣٨ ؛

کورد - کوردستان

کورد ٥-١٤-١٥(و غەیرەکورد) - ١٨( و غەیرەکورد)، ٢٠-٢٢،٢٤-٢٨، ٣٠-٣١،(دژی کورد ٣٢)،٣٣-٣٥،٣٧-٤١،٤٣،٤٥-٤٨ /

رابەرانی ٨، ٢٠،٤١،٤٧/ فەرمانڕەوایانی ٨(و-ی سەر بە ئێران - تورك، باڵی سەر بە ئینگلیس - رووس) /

نەتەوایەتی ٦،٨،١٦،٢٤ـ٢٦،٣٥،٤٣،٤٥-٤٦،٤٨،٥١ /

نەتەوەیی ٨،٢٤،٢٦،٣٣-٣٤، ٤٠-٤١،٤٣،٤٦-٤٧،٤٩(ناسیۆنالیست)- (ناسیۆنالیزم ٥٠ - وەرگێڕ) - ٥١ /

راپەڕینە نەتەوەییەکانی ١٤/ کوردایەتی ٥(گیانی)، ( ٥٠ - وەرگێڕ) / جیابوونەوەخوازیی- سەربەخۆیی ٦ /

دەوڵەتی سەربەخۆی کورد - کوردستان ٨ ( لەبەر سێبەری ئینگلیس یا رووس)،٢٥-٢٦،٣١،٣٤،٣٧ /

کۆماری کوردی مهاباد ٤٦-٤٧،٤٩- (٥٠ - وەرگێڕ) /

كوردستان ٥-١١،٥١،١٧،٢٢،٢٤-٢٥،٢٧(ئەودیوی سنوور)،٣٣،٤٥ /

- هەرێمی باکووری ١٥(کوردستانی تورکیا) - ١٦( تورکیا)،١٩(رۆژهەڵات)،٣٤(ئەنادۆڵ)،٣٧(ئەنادۆڵی رۆژهەڵات)،٤٠(تورکیا)-٤١و٤٢(تورکیا،کوردستانی تورکیا - تورکیا) /

- هەرێمی رۆژهەڵاتی ٧( ناو سنووری ئێران )، ٢٥( ئێران،ئازەربایجان ) - ٢٦( کوردستانی ئێران)، ٣٠( ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان)،٣٧(کۆبوونەوەی سەرانی کوردستانی ئێران شوباتی١٩١٩) - ٣٩(کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرانی کورد سەرەتای ١٩٢٢ ،ئازەربایجان،ئێران) - ٤٢(ئێران)،٤٤(ئێران)،٤٨(کوردستان) ، ٥٠(کوردستان)- ٥١(کوردستان) /

ئۆتۆنۆمیی ٤٠، ٤٨(داوای ئۆتۆنۆمی، بارێکی بەکردار ئۆتۆنۆمی) ، ٥١ /

- هەرێمی باشوور( نووسەر زۆرتر هەر بە"عیراق"ی ناودەبا ) ٥،٨( کوردستان- س)،١٧،١٩، ٣٠،٣٧(س)، ٤٠-٤٢ /

کوردستانی مەرکەزی ١٣،٢٢-٢٣، ٣٠،٣٤ ؛

کوردی ٥( و شێوازەکانی لەکی لوڕی و بەختیاری)،١١، ١٤،٣٣( مانگنامەی - ی عەبدولڕەزاق بەدرخان ) ؛

کورمانج بڕ- عەشیرەت(نا-)؛کۆتام(س)٣٢؛ کۆچەر ٨-٩،١١،٢١،٢٧،٢٩ / نیوەکۆچەریگەرمیان وکوێستان دەکەن ١٠-١١،٢١،٢٧؛ کۆزاک٣٠،٣٨،٤١؛ کۆمونیست٥٠-٥١؛ کۆمەڵە بڕ- رێکخراو؛ کۆن(س)٣٤؛ کۆنەشار٣٨؛ کەرامەت(موعجیزە)١٤؛ (کەریم ئەحمەد ٥١- وەرگێڕ) ؛ کەڵهوڕ ٢٧؛ کەمالی بڕ- تورك؛ کیسرەوی بڕ- کسروی ؛

## گـ - لـ

گودهارت(س) ٥؛ گوران بڕ- ئەمارەت، عەشیرەت ؛ گەورك ٣٩؛ گیلان (ئوستان) ٣١(جیابوونەوەخوازیی)؛ گیلان/ غیلان (س)٢٨-٢٩، ٣١-٣٢؛

لاکستان ٣٧؛ لوڕستان٤٠؛ لوڕی بڕ- کوردی؛ لەکی بڕ- کوردی؛ لینین ٢٥ ؛

## مـ

ماردین ١٦؛ مارشیمون٣٤؛ ماکۆ٢٠(ئیقبالوسسەلتەنە حاکمی)؛ ماڵ ١١ و بڕ- بەدرخان(ماڵی)؛ مامدۆی( مامەدی) بڕ- شکاك؛ مامەدی بڕ- شکاك؛ مامەش ٢٧(ژمارەی)، ٣٩( و بڕ- مهاباد)،٤٤؛ محەمەد شەریف ئاغا بڕ- سۆمای؛ مرید١٤؛ مستەفائاغا بڕ- شکاك؛ مستەفا کەمال بڕ- تورك؛ مسکێن بڕ- رەعیەت؛ مسوڵمان بڕ- ئیسلام؛ مشکور(س)٢٧-٢٨؛موختی شەمس(مختی شمس) بڕ- تەورێز؛ موراتۆف بڕ- ئەلن و-(س)؛ موعجیزە بڕ- کەرامەت؛ موکەررەمولمولك بڕ- تەورێز؛ مووسڵ ٢١؛(مۆسکۆ ٥٠ - وەرگێڕ) ؛ مهاباد( ساوج- بولاغ )٣٣، ٤٠(سمکۆ کردی بە پایتەخت و هەمزە ئاغای مامەشی کردە حاکمی) ٤٣، ٥٠(ناوچەی-، دەوروبەری) / ئاغاوەتی- ٥١، بۆ کۆماری کوردستان بڕ- کورد(کۆماری) ؛ مەحموود( شێخ - پادشای کوردستان)(٥ - وەرگێڕ)،٤١؛ مەحموودپاشا بڕ- ئەمارەت (بابان) ؛ مەراغە٤٠؛ مەریوان ٤٠؛ مەسیحی ١٠،١٤(هەستی دژی)،١٧،٢٢،٢٣ (کوشتاری) - ٢٤(وەترسیی،کوشتاری)٢٨، ٣٠،٣٤ / ناردراوانی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت ١٣-١٤،٢٢؛ مەشرووتە/خوازان ٣٠،٣٢؛ مەشکور بڕ- مشکور؛ مەکینەی کشتوکاڵ ١٦؛ مەنکوڕ ٢٧(ژمارەی)،٣٩-٤٠؛ میاندواو ٤٠؛ میر بڕ- ئەمارەت؛ میسۆپۆتامیا ٢٦؛ مینۆرسکی(س) ٢٨-٢٩؛

## نـ

ناعەشیرەت بڕ- عەشیرەت(نا-)؛ نوشتە١٤؛ نەستۆری ١٣،٢٢،٢٨، ٣٠،٣٤-٣٥،٣٧ / کوشتاری نەستۆریەکان ٢٣،٣٥ ؛

نیشتەجێ٨، ٢١-٢٢؛ نیکیتین(س) ١٤، ٢٤، ٢٨، ٣١؛

و

وان ٢٥( باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی)، ٣٠، ٤٥؛ ورمێ ٢١، ٢٧(و دەشتی، رضائیە)، ٣٠-٣١، ٣٣(رضائیە) - ٣٤-٣٥(و سەرداری فاتیح حاکمی، دەریاچەی،)، ٣٧- ٣٨(و دەشتی) - ٣٩ ( و ڕۆژئاوای دەریاچەی)، ٤٢-٤٣ و بڕ- سمکۆ؛ وسووقوددەولە(وثوق الدولە) ؛ ویلسن(چاردە نوختەکەی)٢٥؛ ویلسن( سەرۆکی ئیدارەی ئینگلیس لەعیراق) ٣٧؛

هـ

هاملتن(س) ٤٢؛ هۆبیس(وەزعی -ی) ١٣؛ هەرکی ٢٧(و ژمارەی)، ٣٩(و سمکۆ ئەحمەدخانی کردووەتە گەورەئاغای)، ٤٢، ٤٤، ٤٨؛ هەڤێرکان بڕ- عەشیرەت (یەکێتی-)؛ هەکاری ٢٢، ٣٠، ٣٤، ٣٩؛ هەمزەئاغا بڕ- مهاباد؛ هەنارە ٢٩(نیوچەعەشیرەت)؛ هەورامان٤٠؛

یـ

یاغیگەری ٢٦؛ یایلاق ٢٨؛ یوسوف بڕ- شکاك؛ یۆنان ٨؛ یەزیدی ١٧ .

# ناوەرۆك


| | لاپەڕە |
|---|---|
| سەرەتا | ٦-٥ |
| عەشیرەتی کورد لەنێوان دەوڵەتانی بەهێزدا | ٨-٧ |
| ئەمارەت، یەکێتی عەشیرەتان، عەشیرەت | ١٢-٩ |
| عەشیرەتی کوردو دەوڵەتی عوسمانی | ٢٠-١٣ |
| عەشیرەت و خەڵکی ناعەشیرەتی | ٢٣-٢١ |
| پان - ئیسلامیەت و نەتەوایەتیی کورد | ٢٦-٢٤ |
| سمکۆ و یەکێتی عەشیرەتانی شکاك | ٣٦-٢٧ |
| یاخیبوونی سمکۆ لە حکومەتی مەرکەزی | ٤٢-٣٧ |
| ڕێکخستنی هێزەکانی سمکۆ | ٤٧-٤٣ |
| تێبینیی دواتر | ٥١-٤٨ |
| پێڕستی ناو | ٥٧-٥٢ |

هەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسوورێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە . کەواتە :

هیچ کتێبێکی چاپی من لای منەوە بۆ فرۆشتن نیە، بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مافی رەوای خۆیەتی و هیچ کارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ " لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە " .

شێرکۆ هەژار

Rapeȓînî

Kurd
be
raberîy

Simko